# دەروازە

Kovara Kurdî ya Zanistên Civakî û Mirovî
گۆڤاری کوردی بۆ زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان
Kurdish Journal of Social Sciences and Humanities

# نێـوەڕۆک - CONTENTS

## III. وتارە کوردییەکان

*Contributions in Kurdish*


221 زمانناسیی کۆمەڵایەتی لە نووسینەکانی د. ئەمیر حەسەنپوور دا
جەعفەر شێخولیسلامی

235 مشتومڕی مامۆستا و قوتابییەک سەبارەت بە راپەڕینێکی مێژوویی
ئەنوەر سوڵتانی

240 خۆبەخشێکی سپای ئاشتی ئەمریکا پرۆفیسۆر ئەمیر حەسەنپوور وەبیر دێنێتەوە
مێری ئیلەین هێگلاند

247 یادێک لە مامۆستا ئەمیر
سەلاح پایانیانی

252 پیاسەیەکی فەلسەفی لە گەڵ مامۆستا ئەمیر حەسەنپوور
سەردار سەعدی

255 بۆ یادی ئەمیر حەسەنپوور، پرۆفیسۆرێکی تاقانە
سووزان بێنسۆن-سۆکمێن

260 ئەمیری حەسەنپوور
محەممەد تەوەکولی

273 ئەمیر لە رێگەی یادداشتەکانیەوە
شەهرزاد موجاب

275 پێشەکی سەرنووسەران

82 **Amir Hassanpour and the Advance of Kurdish Social Studies in Iran**
Marouf Cabi

96 **My Kurdish Brother, Amir Hassanpour**
Thomas Ricks

104 **A Feminist from His Youth**
Mary Elaine Hegland

109 **Amir Through His Notes**
Shahrzad Mojab

123 **Amir Hassanpour: Scholarly Contributions**
Metin Yüksel

## II. NIVÎSARÊN BI KURDÎ

*Contributions in Kurdish*

148 **Pêşekiya Edîtoran**

150 **Emîr Hesenpûr, Birayê Min ê Kurd**
Thomas M. Ricks

158 **Şitî Xoş: Kurte bîreweriyekî mamosta Emîr Hesenpûr**
Hesen Qazî

169 **Bandora Emîr Hesenpûrî li ser jiyana min**
Michael L. Chyet

176 **Hizrên Min ên Şexsî li ser Kak Emîr Hesenpûr**
Omer Şêxmûs

180 **Nirxandineke giştgir li ser berhemên Emîr Hesenpûr**
Amir Sharifi

# NAVEROK - CONTENTS

## I. CONTRIBUTIONS IN ENGLISH

*Nivîsarên bi îngilîzî*


8 **Editors' Preface**

12 **Amir Hassanpour and the Study of Kurdish Nationalism**
Djene Rhys Bajalan

26 **Amir Hassanpour: An Exiled Revolutionary**
Himani Bannerji

32 **My Father: A Scholar with Revolutionary Dreams**
Salah Hassanpour

36 **In Memory of Professor Amir Hassanpour**
Susan Benson-Sokmen

39 **Professor Amir Hassanpour: A Writer, Educator, and Advisor**
Amir Harrak

44 **The Pedagogy of Ruthless Critique**
Sara Carpenter

48 **Personal Reflections on Kak Amir Hassanpour**
Omar Sheikhmous

52 **An Overview of Amir Hassanpour's Scholarly Legacy**
Amir Sharifi

72 **A Continuous Learning from Amir**
Mahdi Ganjavi

75 **A Tribute to Amir Hassanpour**
Michael L. Chyet

# زمانناسیی کۆمەڵایەتی لە نووسینەکانی د. ئەمیر حەسەنپوور دا

**جەعفەر شێخولیسلامی***

**کورتەی وتار.** دوکتۆر ئەمیر حەسەنپوور یەکێک لە داهێنەرترین و پڕبەرهەمترین لێکۆڵەرانی کورد بوو کە بە نووسینەکانی زۆر بواری ئەکادیمی دەوڵەمەند کرد. ئەم وتارە پێداچوونەوەیەکە بە سەر لێکۆڵینەوە و نووسینەکانی حەسەنپوورلە یەکێک لەو بوارانەدا، زمانناسی کۆمەڵایەتی، بە تایبەت ئەم بنبوارانە: پلان و سیاسەتی زمانی و ستاندارد کردنی کوردی، سیاسەت و زمانناسی، کێشەی زمانی ڕەسمی/فەرمی لە کوردستانی باشوور، زمان و ژێندەر، و زمان و تێکنۆلۆژییەکانی ڕاگەیاندن. ئەم وتارە هەوڵ دەدات نیشان بدات کە حەسەنپوور یەکێک لە پێشەنگەکانی زمانناسی کۆمەڵایەتی کوردی بوو. هەروەها پێشنیار دەکات کە لێکۆڵینەوە لە هەر کامی ئەم بوارانەدا ناتەواو دەبێت، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بە نووسینەکانی حەسەنپووردا نەچێتەوە.

**وشە کلیلییەکان.** ئەمیر حەسەنپوور، زمانناسی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی زمانیی

***Abstract.*** Amir Hassanpour was one of the most original and productive Kurdish researchers who contributed to a wide range of disciplines. This paper is an overview of Hassanpour's contributions to one of these areas, Kurdish sociolinguistics, especially the following subareas: language policy and planning and Kurdish standardization, politics and linguistics, language officialization in southern Kurdistan (Iraq), language and gender, and language and communication technologies. This paper makes an attempt to establish Hassanpour as a pioneer of Kurdish sociolinguistics. It also suggests that any research in these areas will not be complete unless they critically engage with Hassanpour's writings.

***Keywords**. Amir Hassanpour, Kurdish sociolinguistics, sociology of language*

## پێشەکی

ئەم وتارە پێداچوونەوەیەکی لێکۆڵینەوە و نووسینەکەنی دوکتۆر ئەمیر حەسەنپوور سەبارەت بە زمانە. دەتوانین نووسینەکانی حەسەنپوور لە بوارێکی تایبەتی زمانناسیدا کۆ بکەینەوە، کە بریتییە لە زمانناسی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵناسی زمان. ئەم کارە گرینگە، چونکە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانی، نووسینەکانی ناو ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانی، و وتووێژەکانی لەم بارەوەی نووسەر بەشێکی هەرە

*پرۆفسۆری هاوکار، بەشی زمانناسی و خوێندنەوەکانی زمان، زانکۆی کارلتن، کەنەدا
ئیمەیل: jaffer.sheyholislami@carleton.ca

گرینگی زمانناسیی کۆمەڵایەتی کوردیین. هەرکەس لە بواری زمانناسیی کۆمەڵایەتیدا کار بکات و ئاگاداری کارەکانی حەسەنپوور نەبێت، بۆشاییەکی گەورەی لە بەرهەمەکەیدا دەبێت. لەم کورتە وتارەدا بواری ئەمە نیە کە بە هەموو کارەکانی حەسەنپوور لە بواری زمانناسی دا بچمەوە، بەڵام هەوڵی خۆم دەدەم کە ئەم بنبوارانە بەسەر بکەمەوە:

- پلان و سیاسەتی زمانی و ستانداردکردنی کوردی
- سیاسەت و زمانناسیی
- کێشەی زمانی ڕەسمیی/فەرمیی لە کوردستانی باشوور
- زمان و ژێندەر
- زمان و تێکنۆلۆژی و میدیا

لە درێژەی ئەم وتارەدا، بە نۆرە باسی هەرکام لە ئەمانە دەکەم.

**پلان و سیاسەتی زمانی و ستانداردبوونی کوردی**

بەنرخترین لێکۆڵینەوەی ئەمیر حەسەنپوور بریتییە لە لێکۆڵینەوەی دوکتۆراکەی کە ساڵی ١٩٨٩ لە زانکۆی ئێلێنۆی لە ئوربانا-شەمپەین، ئەمریکا، تەواوی کرد. سەردێڕی پرۆژەکەی ئەمە بوو: فاکتۆری زمان لە پێشکەوتنی نەتەوایەتیدا: ستانداردبوونی زمانی کوردی، ١٩١٨-١٩٨٩,[١] ساڵی ١٩٩٢، ئەم تێزە وەکوو کتێب چاپ کرا، بە ناوی: ناسیۆنالیزم و زمان لە کوردستان، ١٩١٨-١٩٨٩,[٢] ئەم لێکۆڵینەوەیە یەکەم لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل و ئەکادیمی بوو لە سەر پلان و سیاسەتی زمانی کوردی. بۆ یەکەم جار نەک هەر پرۆژەی ستانداردبوونی زمانی کوردی، بە تایبەت کوردی ناوەڕاست، بە وردی و لێزانانە نیشان درا، بەڵکوو حەسەنپوور هەروەها سیاسەتی چەوسێنەرانەی وڵاتانی ناوچەکەی لە هەمبەر زمانی کوردیدا لە قاودا.

بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنی پلانی زمانی، واتە ستانداردبوونی کوردی ناوەڕاست، و تا ڕادەیەکیش کرمانجی ژوورو، حەسەنپوور داتا و نموونەی یەکجار زۆری کۆ کردبووەوە. تا ئەو کاتە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەوەندە دەوڵەمەند لە لایەنی بەڵگەنامە و داتاوە لە سەر پلانی زمانی کوردی ڕانەپەڕێندرابوو. بۆ نموونە، هەندێک لە سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە بریتین لە: سەرچاوەی نووسراو و زارەکی، سەدان بەڵگە و بەڵگەنامە، بۆ نموونە کۆنترین بەرهەمە نووسراوەکان بە کوردی، مێژوو و ناسنامەی ئەو نووسراوانە، ئامار و ئەژمار لە سەر چاپکراوە کوردییەکان، دەزگاکانی خوێندن، تێبینی بەشداران لە ڕێگای وتووێژ و نامە گۆڕینەوە.

لە سەرەتای کتێبەکەدا، حەسەنپوور زانیاری ورد پێشکەش دەکات لە سەر جڤاتی کوردی ئاخێو،

---

[1] Amir Hassanpour. "The language factor in national development: The standardization of the Kurdish language, 1918-1985." (Doctoral Dissertation. University of Illinois at Urbana-Champaign, 1989).

[2] Amir Hassanpour. *Nationalism and Language in Kurdistan*, 1918-1985. (San Francisco: Mellen Research University Press, 1992).

چۆنیەتـی سـەرهەڵدانی نەتـەوەی کـورد، چۆنیەتـی گەشـەکردنی کولتـووری نووسـین بـە کـوردی و ئـەو میتۆدۆلۆژییـەی لێکۆڵـەر لـە کارەکەیـدا ڕەچـاوی کـردووە. لـە پێداچوونـەوەی سیاسـەتی زمانـی ئـەو وڵاتانـەدا کـە کـوردی تێیانـدا قسـەی پێدەکرێـت، حەسـەنپوور هەڵوێسـت و خوێندنەوەیەکـی ڕەخنەگرانـە و ڕادیکاڵـی هەیـە. دەتوانیـن بڵێیـن کـە لێـرەدا ڕەچـاوی تیـۆری ڕەخنەیـی (critical theory) دەکات بـۆ خوێندنـەوەی سیاسـەتی زمانـی، بـەو واتایـە کـە هەڵسـەنگاندنی حەسـەنپوور لـە سـەر هەلومـەرج و ئاسـتی زمانـی کـوردی لـە بـەر ڕۆشـنایی مێـژوو، سیاسـەت و فاکتـۆرە ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکانـە. بـۆ ئـەو، هەڵوێسـت لـە سـەر ئاسـت و پلـەی زمـان لـە کۆمەڵگەیەکـدا، لـە سیاسـەت و ئایدیۆلۆژیـی جیـا ناکرێتـەوە. هـەر لـەم ڕوانگەیـەوە، حەسـەنپوور هەڵوێسـتی دەوڵەتانـی ناوچەکـە، بـە تایبـەت تورکیـە، لـە هەمبـەر زمانـی کـوردی بـە زمانکوژیـی (linguicide) ناودێـر دەکات.[3]

هەرچەنـد لـە چەنـد بەشـی سـەرەتای دوکتۆراکـە و کتێبەکەیـدا، حەسـەنپوور باسـی پێشـینە، مێـژوو و ئاسـتی زمانـی کـوردی بەگشـتی دەکات، کاتێـک دێتـە سـەر چۆنییەتـی سـتانداردبوونی زمانـی کـوردی، بـە زۆریـی لـە سـەر کـوردی ناوەڕاسـت، کـە ئـەو پێـی دەڵێـت ‹سـۆرانی›، لـە باشـوور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، ورد دەبێتـەوە. هۆیەکـەی ئەمەیـە کـە ئەوکاتـە لـە بـەر باڵادەسـتبوونی سـۆرانی لـە باشـوور و ڕۆژهـەڵات، تەنیـا ئـەو شـێوەزارە بـواری سـتانداردبوونی بـۆ ڕەخسـاوە، هەرچەنـد لـە سـاڵانی دوایـەدا، کرمانجـی هـەم لـە یەکیەتـی سـۆڤیەتی و هـەم لـە ئەورووپـا پێشـکەوتنێکی بەرچـاو بەخۆیـەوە دەبینێـت. حەسـەنپوور لێـرەدا نیشـان دەدات کـە لـە پرۆسـەی سـتانداردکردنی زمانێکـدا، هەڵبژاردنـی شـێوەزارێک (selection) قۆناخێکـە کـە کوردیـش، بـە تایبـەت لـە باشـووری کوردسـتان، پێیـدا ڕۆیشـت. لـەو قۆناخـەدا، چەنـد هـۆکار زۆر گرینـگ بـوون کـە سـۆرانی توانـی ببێتـە شـێوەزاری باڵادەسـت و سـتانداردکراو، وەکـوو زۆربـە لـە ژمـارەی دانیشـتواندا، هەبوونـی پێشـینەیەکی کۆنـتری نووسـین لـەو بەشـەی کوردسـتاندا و، هەبوونـی بناغەیەکـی بەهێزتـری ناسـیۆنالیزم، بـۆ نموونـە سـلێمانی وەکـوو بنکـەی بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـوردی لـە باشـووری کوردسـتان. هـەر بۆیەشـە، سـتانداردی کـوردی ناوەڕاسـت لـە سـەرەتاوە لـە سـەر شـێوەزاری سـلێمانی دادەمەزرێـت. بـە واتایەکـی تـر، حەسـەنپوور نیشـان دەدات کـە هەڵبژاردنـی دیالەکتێـک یـان شـێوەزارێک، لـە چـاو چەنـد شـێوەزاری دیکـە بـۆ ئـەوە کـە ببێـت بـە بناغـەی شـێوەزاری سـتاندارد، نامێنێتـەوە سـەر فاکتـۆرە زمانـی و زمانناسـییەکان، بەڵکـوو هەڵبژاردنەکـە بەسـتراوەتەوە بـە فاکتـۆرە ئەوپـەڕ زمانییـەکان وەکـوو مێـژوو، دەسـەڵات، سیاسـەت و هتـد. هەرچەنـد لـە ١٩٥٨ەوە هەندێـک فاکتـۆری دیکـە دەبنـە هـۆی ئـەوە کـە کرمانجـی لـە میدیـادا کەلکـی لێوەربگیرێـت (بـۆ وێنـە، لـە ڕادیـۆ بەغـدا و، لـە ڕادیـۆ شۆڕشـی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق) دیسـانیش ناتوانێـت وەکـوو سـۆرانی خـۆی سـتاندارد بـکات. هـۆی سـەرەکیش ئەمەیـە کـە سـۆرانی لـە هەندێـک شـوێنی عێراقـدا، بـۆ وێنـە لـە پارێـزگای سـلێمانی، بـە تایبـەت، هـەم زمانـی خوێندنـە و هـەم زمانـی کاروبـاری ئیـداری و زمانـی چالاکـی میدیـا و چاپەمەنـی). لـە ١٩٨٠ بـەولاوە ئیـتر کرمانجـی دەتوانێـت لـە دیاسـپۆرا هەنـگاوی گرینـگ بـەرەو سـتاندارد بـوون باوێژێـت، تـا ئـەو جێگایـە کـە لـە کۆتایـی هەشـتاکاندا، حەسـەنپوور دەگاتـە ئـەو قەناعەتـە کـە کـوردی زمانێکـی جووتسـتانداردە وەکـوو

[3] Hassanpour, *Nationalism and Language in Kurdistan*, 458.

© Derwaze

«هەرمەنی، نۆروێژیی، ئالبانی و چەند زمانی دیکەش.» [4]

پاشی لێکۆڵینەوە لە بابەتی (هەڵبژاردنی) شێوەزاری ستاندارد، حەسەنپوور دێتە سەر لایەنی پەرەپێدانی ئەرکی (functional elaboration). واتە، لەمە دەکۆڵێتەوە کە توانایی و لێهاتووی زمانی کوردی چۆن پەرەی پێدەدرێت بە هۆی کەلک لێوەرگرتنیەوە لە بواره نوێیەکانی میدیا، دەزگە ئیدارییەکان، پەروەردە و خوێندن دا. حەسەنپوور هێنانی کوردی بۆ ئەم چەند بوارە نوێیە، بە تایبەت لە باشووری کوردستان، لە سۆنگەی چەند هۆی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە دەبینێت. لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، ململانێیەکی بەردەوامە لە نێوان ناسیۆنالیزمی کورد و ناسیۆنالیزمی باڵادەستی دەوڵەتەکانی ناوچە. بزووتنەوەی هەویەتیخوازانەی کوردان، چ لە ڕێگەی خەباتی پارلمانییەوە بێت و چ لە ڕێگای جوولانەوەی چەکدارییەوە بێت، بە کەلکوەرگرتن لە زمانەکەی لە هەر بوارێکی گونجاودا هەوڵ دەدات کە ناسنامەی خۆی بسەلمێنێت. لەو لاشەوە، دەوڵەتەکان دەیانەوێت، کە لە ڕێگەی ئاشتییانەوە بێت یان لە ڕێگەی سەرکوتکردنەوە، ڕێگری بکەن لە کوردان کە دەستیان بە میدیای کوردی یان خوێندن بە کوردی ڕابگات. حەسەنپوور نیشانی دەدات کە میدیا و پەروەردە دەوری هەرە سەرەکی دەگێڕن لە پرۆسەی ستانداردکردنی زماندا، چونکە «زمان یەکەمین کۆدی سیمبۆلیکە کە لەو دوو سیستەمەدا دەکار دەکرێت. هەم پەروەردەی ڕەسمیی و هەم میدیای گشتی خوێنەر و خوێندەواری وا دروست دەکەن کە بنەمای کۆمەڵایەتی لەبار دەڕەخسێنن بۆ ستانداردبوونی زمان. لە هەردوو سیستەمدا، جەماوەرێکی زۆر دەقی وەکوو یەکیان پێدەدرێت، بە یەک زمان، بە بێ ئەوە کە بەرهەڵستێکی بەرچاوی کاتی یان شوێنی لە گۆڕێدا بێت.[5]

بە پێی دابەشکردنە کلاسیکەکەی ئاینر هۆگن-ی نۆروێژی، بەشی سێهەمی ستانداردبوون کە حەسەنپوور لە سەری ڕادەمێنێت بریتییە لە بەکۆد کردن و یەکدەست کردنی زمانی کوردی. ئەمە هەر ئەو بوارەیە کە لە تیۆری پلان و سیاسەتی زمانی ئەم ڕۆژانەدا پێی دەڵێن، پلانی جەستەی زمان (corpus planning). لە زۆربەی دنیادا، زمانەکان لە لایەن دەوڵەتەکانەوە ستاندارد کراون، لە بەر ئەمە کاری بەکۆدکردن و یەکدەست کردنی زمان، جا لە وشە داتاشینەوە بگرە هەتا یەکدەست کردنی ڕێزمان و ڕێنووس، زۆربەی کاتان لە لایەن دەزگە حکومییەکانەوە پلانیان بۆ دادەڕێژرێت. کەچی لە ناو کوردانەدا، بە تایبەت لەو کاتی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆربەی ئەم ئەرکانە لە لایەن تاکی خۆبەخشەوە، وەکوو شاعیر، نووسەر، ڕۆژنامەنووس و زۆر کەسی ترەوە، کراوە. زۆرێک لەم خۆبەخشانەش تووشی چەرمەسەری و تەنانەت بەندیخانە هاتوون. حەسەنپوور بە وردی نیشان دەدات، کە سەرەڕای ڕێگری کردن لە پێشکەوتنی زمانی کوردی لە لایەن دەوڵەتەکانەوە، کەسانی هۆگری زمانی کوردی هەوڵیان داوە کە ئەو زمانە، یان شێوەزاری هەڵبژاردەیان، یەکدەست بکەن لەم بوارانەدا: دەنگناسی (فۆنۆلۆژی)، ڕێنووس (ئۆرتۆگرافی). وشەناسی (مۆرفۆلۆژی)، وشە، ڕێزمان و ژانره و دەقە جیاوازەکانی پەروەردە و

[4] Hassanpour, *Nationalism and Language in Kurdistan*, 166.

[5] Hassanpour, *Nationalism and Language in Kurdistan*, 347.

خوێنـدەواری. حەسـەنپوور نیشـان دەدات کـە لـە بـواری فۆنۆلۆژییـەوە، دەنگەکانـی شـێوەزاری سـلێمانی ئاسـایی و پەسـەندکراون (normalization) بـە هـۆی کەلـک وەرگرتـن لـە هەندێـک دەنگـی شـێوەزاری موکـری. ڕێنـووس، بـە پێـی لێکۆڵینـەوەی حەسـەنپوور، تـا ڕادەیەکـی بـاش یەکدەسـت کـراوە بـە هـۆی دوو پرۆسـەوە: فۆنیمەزاسـیۆن (واتـە دانانـی دەنـگ بـۆ هـەر فۆنیمێـک) و هەروەهـا پەتیکـردن (هەندێـک دەنگـی عەرەبـی دەرهاوێـژراون). بـە ڕای حەسـەنپوور، هەرچەنـد پیتـەکان بـۆ دەنگـەکان دانـراون و ڕێنووسـەکەش تـا ڕادەیـەک یەکدەسـت کـراوە بـەڵام نووسـین یـان ئیمـلا (spelling) جـارێ ڕێگەیەکـی دووری لەبـەرە بـۆ ئـەوە کـە یەکدەسـت بکرێـت. ڕاسـتیەکەی ئەمەیـە کـە پاشـی نزیکـەی ٣٠ سـاڵ دوای بڵاوبوونـەوەی کتێبەکـەی حەسـەنپوور، ئـەو قسـەیەی بەرێزیـان ئێسـتاش هـەر ڕاسـتە. هەرچەنـد حەسـەنپوور هـەر لـەم کتێبـەدا ڕادەگەیەنێـت کـە کـوردی زمانێکـی جووتسـتانداردە، واتـە هـەردوو شـێوەزاری سـۆرانی و کرمانجـی ڕێگـەی جیـاوازی سـتانداردبوونی خۆیـان پێـواوە، ئـەوەش دەدرکێنـێ، کـە جیـا لـە دابەشـبوونی سیاسـی کوردسـتان، هۆکارێکـی سـەرەکی دیکـە کـە نەیهێشـتووە ئـەو دوو شـێوەزارە یـەک بگـرن بریتـی بـووە لـە ئـەوە کـە دوو ڕێنووسـی جیاوازیـان هەیـە.[6] لـە لایەنـی مۆرفۆلۆژییـەوە، حەسـەنپوور دەڵـێ کـە شـێوەزاری سـلێمانی شـێوەزارەکانی دیکـەی پەراوێـز خسـتووە و وەخـۆی نەکـردوون. لـە بـواری پلاندانانـی بـۆ وشـە، بـە تایبـەت وشـەدانان بـۆ زانسـتەکان و بـوارە نوێیـەکان، هەنـگاوی زۆر هەڵگیـراوە و بەشـێک لـەو هەنگاوانـە دەکەونـە خانـەی پەتیگەرییـەوە وەکـوو دەرهاویشـتنی وشـە عەرەبییـەکان لـە باشـووری کوردسـتان (لـە پاشـماوەی ئـەم وتـارە زۆرتـر باسـی پەتیخوازیـی لـە زمانـی کوردیـدا دەکەیـن). بـە گشـتی، حەسـەنپوور بـەو ئەنجامـە دەگات کـە بەکـۆد کـردن و یەکدەسـت کردنیـش، هەروەکـوو دوو قۆناغەکـەی دیکـەی سـتانداردکردن، واتـە هەڵبـژاردن و پەرەپێدانـی توانایـی زمـان، مەیدانـی کێبەرکـێ و شـەڕی ئایدیۆلۆژییەکانـە. لەوانـە بریتیـن لـە ململانێـی ناسـیۆنالیزمی کـورد و دەوڵەتـی عێراقـی ئـەو کاتـە، لـە لایـەک و، ململانێـی ناوخـۆی کوردانیـش لـە لایـەک: ململانێـی سـۆرانی و بادینـی، ململانێـی سـلێمانی و موکریانـی و هتـد. هـەر لـە بـەر ئـەو ململانـێ و ناکۆکیانەشـە کـە شـێوەزارێکی بەکـۆد یـان سـتاندارد کـراو هـەر وا بـە سـاکاری لـە لایـەن کۆمەڵگەیەکـەوە قبـووڵ ناکرێـت. بـە ڕای حەسـەنپوور، ئـەو شـێوەزارەی کـە لـە باشـووری کوردسـتان بـووە بـە زمانـی فێرگـە و میدیـا و دەزگـە حکومییـەکان تـا ڕادەیەکـی زۆر لـە لایـەن هەمـوو ئاخێوەرانـی سـۆرانەوە ، تەنانـەت ئەوانـی ڕۆژهەڵاتیـش (تـا ڕادەیـەک موکریانـی لێدەربچـێ، کـە ئیسـتاش حـەز دەکـەن هەندێـک تایبەتمەنـدی شـێوەزارەکەی خۆیـان بپارێـزن) قبـووڵ کـراوە.

ئەمڕۆشـی لەگـەڵ بێـت، ئـەم بەرهەمـەی حەسـەنپوور گرینگتریـن لێکۆڵینەوەیـە کـە لـە سـەر سـتانداربوونی زمانـی کـوردی و پـلان و سیاسـەتی زمانـی کـوردی کرابێـت. لـەم بەرهەمـەدا، حەسـەنپوور پێشـنیاز دەکات کـە دەوری سـتانداربوونی زمـان لـە پرۆسـەی نەتەوەسـازیدا هەمیشـە گرینـگ بـووە، بـەڵام دەڵـێ کـە سـتانداربوونی زمانـی کـوردی لـە پرۆسـەی نەتەوەسـازی کوردانـدا تەنانـەت گرینگـتر لـە ئـەوە ئەورووپییـەکان بـووە. بـە ڕای ئـەو، هۆیەکـەی ئەمەیـە کـە سـەرەکیترین نیشـانەری کوردبـوون بریتیـە لـە زمـان. کـە بروانیـن بـۆ مێـژوو دەبینیـن کـە بـۆ پێشـەنگەکانی بیـری کوردایەتـی، لـە ئەحمـەدی خانیـەوە

[6] Hassanpour, *Nationalism and Language in Kurdistan*, 432.

© *Derwaze*

بگرە هەتا حاجی قادری کۆیی و گۆران و هێمن، دەکارکردن، پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی ئەوپەڕی گرینگایەتی هەبووە. ئێستاش دەبینین کە داوای مافی زمانی یەکێک لە گرینگترین داوخوازییەکانی حیزبە سیاسییەکانی ئەم سەردەمەیە. لەم لێکۆڵینەوەیەی حەسەنپووردا، بە ڕوونی دەبینین کە «کوردایەتی، بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردان، هێزێکی سەرەکی پاڵپێوەنەر بووە لە پرۆسەی ستانداردکردندا، بە تایبەت لە دوو قۆناغی پرۆسەکەدا: بەکۆد کردن و یەکدەست کردنی زمانەکە و، دەکارکردنی کوردی لە بوار و ئەرکی جیاوازدا".[٧] بە دۆزینەوەکانی، حەسەنپوور خاڵێکی گرینگی تیۆری سەبارەت بە زمان و نەتەوە ڕوون دەکاتەوە: «...ستانداردکردن هەم هۆکار و هەم ئاکامی پرۆسەی بەنەتەوەبوونە. نەتەوەیەک (بەو جۆرە کە لێرە پێناسە کراوە[--جیا لە دەوڵەت-نەتەوە]) ناتوانێت درووست ببێت بە بێ زمانێکی نەتەوەیی، وەها زمانێکیش ناتوانێت لە کۆمەڵگەیەکدا سەرهەڵێنێت کە بە شێوەی عەشیرەتی ڕێکخراوە«.[٨] هەر ئەم بۆچوونەش سەبارەت بە پێوەندی نەتەوە و زمان وا لە حەسەنپوور بکات کە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە زمان بە گشتی هەبێت و بڵێت: «زمان بەشێکی پێکهێنەری کۆمەڵگەیە ... لە گەڵ ئەوەدا کە خوێندنەوەی زمان لە دەرەوەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی زۆر زانیاری لە سەر پێکهاتە و ڕێزمان بەرهەمهێناوە، تێگەیشتنی ئێمە لە زۆر پرۆسەی گۆڕانی زمان تەنیا ئەوکاتە دەگونجێ کە فاکتۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەبەر چاو بگرین."[٩]

ئەمە و زۆر لایەنی تری زمانی کوردی و هەروەها زۆر لایەنی تیۆری کە حەسەنپوور لە بەرهەمی دوکتۆراکەیدا بەسەری کردنەوە، هەتا دواییش لە نووسینەکانی حەسەنپووردا ڕەنگیان داوە. لەوانە بریتین لە سیاسەت و زمان، شێوەزاری ستاندارد و شێوەزارەکانی تری زمانێک، کوردیبوون و ناکوردیبوونی شێوەزارە کوردییەکان و، زمان و میدیا. بە کورتی باسی لێکۆڵینەوە و نووسینەکانی ئەمیر حەسەنپوور لە سەر هەر کام لەمانە دەکەم.

### سیاسەت و زمانناسی

لە وتارێکدا بە ناوی «سیاسەتی زمانناسی نا-سیاسی"[١٠]، حەسەنپوور ئیدیعای بێلایەنبوون و «زانستیبوون»ی بواری زمانناسی تیۆریک دەخاتە ژێر پرسیار و دەڵێ کە ئەو زمانناسانەی گەرەکیانە نیشان بدەن لێکۆڵینەوەکەیان تەنیا زمانناسانەیە و پێوەندی بە سیاسەتەوە نییە لە ڕاستیدا خۆیان دەخەنە ناو کارێکی لایەندارانەی سیاسییەوە. وەکوو نموونە، حەسەنپوور باسی دوو زمانناسی بیانی/ئینگلیسی دەکات کە کاتی خۆی دوکتۆرایان لە سەر زمانی کوردی بە سەرکەوتوویی وەرگرت: ئێرنست مەکاروس (Ernest McCarus) لە سەر ڕێزمانی شێوەزاری سلێمانی و، دەیڤێد مەکێنزی (David Mackenzie) لە سەر شێوەزارەکانی کوردی کوردستانی باشوور. یەکەمیان کتێبەکەی لەساڵی ١٩٥٨ دا چاپ کرد و، دووهەمیشیان ساڵی ١٩٦١ و ٦٢ دوو بەرگی لە سەر دیالەکتەکانی زمانی

---

[7] Hassanpour, *Nationalism and Language in Kurdistan*, 465.

[8] Ibid.

[9] Hassanpour, *Nationalism and Language in Kurdistan*, 467.

[10] Amir Hassanpour, "The Politics of A-Political linguistics." In *Rights to Language, Equity, Power, and Education: Celebrating the 60th Birthday of Tove Skutnabb-Kangas*, edited by Robert Philipson (Lawrence Erlbaum Associates, 2000), 33-39.

کـوردی چـاپ کـرد. حەسـەنپوورهەرچەند لـە لایەنـی لێکۆڵینـەوەی زمانناسـییەوە پەسـنی کارەکەیـان دەدات، بـە تونـدی ڕەخنەیـان لێدەگرێـت کـە لـە هیـچ جێگایەکـی نووسـینەکەیاندا باسـی ئـەو سـتەم و زۆرداریيـە ناکـەن کـە دەوڵەتەکانـی ناوچـە دژ بـە زمانـی کـوردی لـەو کاتـەدا کردوویانـە. حەسـەنپوور دەگێڕێتـەوە کـە مەکێنـزی تەنانـەت ڕێـگای پێنـەدرا بچێتـە تورکیـە و لـە سـەر زمانـی کـوردی لـەوێ بکۆڵێتـەوە، کەچـی تەنیـا هـەر ئەوەنـدە دەڵـێ کـە بەرپرسـانی تـرک ڕێگایـان پـێ نـەدا بچێتـە ئـەو وڵاتـە. حەسـەنپوور پێـی وایـە کـە مەکێنـزی، بـە تایبـەت پاشـی ئـەوە کـە نەچـوو بـۆ تورکیـە، دەوبـوو ڕاسـت و ڕەوان گوتبـای کـە کـوردی لـەو وڵاتـە قەدەغـە بـوو و هـۆی ڕێگـە پێنەدانـی ئەویـش هـەر لـە بـەر ئـەوە بـوو کـە حکومەتـی تورکیـە نەیدەویسـت لێکۆڵینـەوە لـە سـەر زمانێـک بکرێـت کـە بـە هەمـوو توانایـەوە هەوڵـی تواندنـەوەی دەدا. حەسـەنپوور باسـی چەنـد چاپەمەنـی دیکـە لـە لایـەن ئـەم دوو نووسـەرە و نووسـەرانی دیکەشـەوە دەکات کـە لـە ئاسـت لایەنـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی زمانەکـەوە خۆیـان گێـل کـردووە. بـە پێـی لێکۆڵینـەوەی وردی حەسـەنپوور، تۆڤـە سـکوتنب-کەنگس (Tove Skutnabb-Kangas)، دۆسـتێکی بـە ئەمەگـی زمانـی کـوردی، یەکـەم ڕۆژاواییـە کـە لـە کتێبێکیـدا ، بـۆ جـاری یەکـەم باسـی قەدەغەکرانـی زمانـی کـوردی لـە تورکیـە دەکات. بۆخـۆی لـە دانمـارک شـاهید دەبێـت کـە باڵوێزخانـەی تورکیـا لـە کۆپێنهاگـن دەیهەوێـت پێشـی پەنابـەرە کوردەکانـی ئـەوێ بگرێـت هەتـا نەتوانـن بـە زمانـی خۆیـان بخوێنـن. سـەرەڕای دۆزینـەوەی ئـەم ڕۆچناییـە، حەسـەنپوور لـە بێدەنگـی زمانناسـان لـە هەمبـەر سـەرکوتکردنی زمانەپەڕاوێزخـراوەکان نیگەرانـە، چونکـە هێـزی جۆراوجـۆر، لـە سـەرووی هەموویانـەوە سـتەمی سیاسـی دەوڵەتـەکان و دەسـتی بێڕەحمـی هەڵاوێـرەری بـازاڕ، زمانـەکان بـەرەو توانـەوە و فەوتـان دەبـەن. حەسـەنپوور دەنووسـێت، "زمانناسـان، هـەم لـە لایەنـی تیۆرییـەوە و هـەم لـە لایەنـی ئەخلاقییـەوە، لـە هەلومەرجێکـی لەبـار دان بـۆ ئـەوە کـە دژی سیاسـەت و کـردەوەی زمانکوژانـە بوەسـتنەوە..بێدەنگی لـە ئاسـت زمانکوژیـی دژی زمانـی کـوردی یـان هـەر زمانێکـی تـر، بـە ڕای مـن، هەڵوێسـتێکی سیاسـییە کـە ناکـرێ بـە بیانـووی بێلایەنـی یـان سـەربەخۆیی زمانناسـی پاکانـەی بـۆ بکرێـت."[11]

لـە وتارێکـی دیکەشـدا، «ناسـنامەی ئاخێوەرانـی هەورامـی: پێداچوونەوەیـەک بـە سـەر تیـۆری و ئایدیۆلـۆژی زمانناسـی پێکگرانـە»[12]، حەسـەنپوور ڕەخنـە لـە زمانناسـی، بـە تایبـەت ئـەو لکـەی پێـی دەڵێـن «زمانناسـی مێژوویـی و پێکگرانـە» لـە پێوەنـدی لـە گـەڵ هەورامیـدا دەگرێـت. کێشـەکە ئەمەیـە: هەندێـک زمانناسـی ڕۆژاوایـی، وەکـوو بـووا، یـان مەکێنـزی، دەڵێـن کـە هەورامـی (هەروەهـا دملی/زازاکـی) کـوردی نیـە، بـە بـێ ئـەوە کـە سـەرنج بدەنـە بەڵگـە مێژووییـەکان یـان ویسـت و خواسـتی ئـەم سـەردەمەی ئاخێوەرانـی شـێوەزارەکە.

حەسـەنپوور دەنووسـێت کـە، شـەرەفخانی بدلیسـی گۆرانـی وەکـوو یەکێـک لـە چـوار بەشـی کـوردان دانـاوە، هەرچەنـد نووسـیویەتی کـە زمـان و کولتـووری جیاوازیـان هەیـە. پاشـان، حاجـی قـادری

---

[11] Hassanpour, "The Politics of A-Political linguistics," 39.

[12] Amir Hassanpour, "The identity of Hewrami speakers: Reflections on the theory and ideology of comparative philology." In *Anthology of Gorani Kurdish Poetry*, edited by Anwar Soltani (London: Soane Trust for Kurdistan, 1998a), 35-49.

© Derwaze

کۆیی کاتێ لە یەکێک لە شیعرەکانیدا باسی شاعیرانی کوردی بەر لە خۆی دەکات، ناوی شاعیرە هەورامییەکانیش دێنێت. کەواتە، پێی کوردن. هەروەها، س.ج. ئێدمۆندز یان ئێدمۆندز (C. J. Edmonds)، کە ئەفسەرێکی بریتانی بوو لە عێراق، لە ١٩٥٧دا دەنووسێت کە، هەرچەند ئەورووپاییەکان پێیان وایە کە هەورامییەکان کورد نین، هەورامییەکان خۆیان بە کورد دەزانن. جگە لە ئێدمۆندز، ڤلادیمیر مینۆرسکی رووسیش پێی وابوو کە هەرچەند هەورامی لە گەڵ کوردی ناوەڕاست و باکووری جیاوازی زمانناسییانەی هەیە، ئاخێوەرانی شێوەزارەکە خۆیان بە کورد دەزانن و لە سەرچاوەی کۆنیشدا، وەکوو «فیراقان الاخبار»ی حاجی نیعمەتوڵلا، هەر بە وشەی «کوردی» ئیشارە بە هەورامی یان گورانی کراوە. واتە، حاجی نیعمەتوڵلا گوتوویە کە کتێبەکەی بە «کوردی» نووسیوە کەچی ئاشکرایە کە بە شێوەزاری گورانی نووسیویە. واتە، بۆ خودی ئاخێوەرانی خوێندەواری کۆن هەورامی و گورانی بە کوردی ناسراون و ناودێر کراون. بێجگە لە ئەوە کە بە هەورامیان گوتووە زمانێکی ناکوردی، هەوڵێکی دیکەش لە لایەن ئەورووپاییەکانەوە دراوە کە لە باتی هەورامی زۆرتر بڵێن گوران یان گورانی (نەک گۆران/گۆرانی). بەڵام، مایکل لیزنبرگ (Michiel Leezernberg) پێمان دەڵێت، هیچکەس بە تایبەت لە بەشی هەورامانی کوردستانی باشوور خۆی بە گۆران نازانێت و بە زمانەکەشی ناڵێت گۆرانی. لە بەشێکی زۆری کوردستانی ئێرانیش هەر وایە.[13]

بەڵام، لە ڕوانگەی ئەو زمانناسە رۆژاواییانەوە، هەورامی لە لایەنی دەنگ، وشەسازیی و ڕێزمانەوە ئەوەندە جیاوازە لە سۆرانی و کرمانجی کە بۆ ئەوە نابێت بە کوردی دابندرێت. حەسەنپوور لە نووسینی کارمەندێکی مووزەی بریتانیاوە، ریۆ (Rieu)، کە وادیارە یەکەم رۆژاواییی بووبێت باسی هەورامی، کە ئەو پێی دەڵێت «دیالەکتی گوران»، بکات. ئەو «گوران» بە دیالەکتی فارسی دەزانێت. مەیجر سووان- یش (Major E. B. Soane) هەر ئەو ڕایەی هەبوو.[14] دەیڤید مەکێنزی، بەڵام، وێدەچێت کە لە هەموویان سوورتره لە سەر ئەمە کە هەورامی و دملی دوو زمانی جیاواز لە کوردین. کێشەی حەسەنپوور ئەوەیە کە هەموو بەڵگەکانی مەکێنزی لە یاسای گۆڕانی دەنگەکان لە زمانە هیندوئورووپاییەکاندا کورت دەبێتەوە. واتە، بە قسەی حەسەنپوور، مەکێنزی دەڵێ هەورامی کوردی نییە بە پێوانەی زمانناسی مێژوویی و بەراوردیی ڕۆژاوایی (Western historical and comparative linguistics). بەڵام، هەر ئەو بەڵگە زمانناسییانەش، لە لایەن زۆر کەسانەوە، ڕەت کراونەتەوە.[15]

ڕەتکردنەوەی ئەو گریمانەیە، یان بۆچوونە، کە دەڵێت، هەورامی کوردی نییە، لە چەند لایەنەوە کراوە. لە ڕوانگەی ناسیۆنالیستەکانەوە، هەڵاواردنی شێوەزارە کوردییەکان لە یەکتر و ناودێرکردنیان بە زمانی جیاواز بۆ پرۆژەی یەکگرتنی نەتەوە و دەولەت-نەتەوە دامەزراندن باش نییە. لە ڕوانگەی زمانناسییەوە، ئێستاش ڕوون نییە کە بێجگە لە ڕای ئاخێوەرانی زمانێک، کە پەسندی

---

[13] Hassanpour, "The identity of Hewrami speakers," 36-39.

[14] Hassanpour, "The identity of Hewrami speakers," 36-37.

[15] Hassanpour, "The identity of Hewrami speakers," 40-41.

حەسەنپوورە، چ پێوانەیەکی دیکەی جێمتمانە هەیە کە بتوانین پێی دیاری بکەین گەلۆ شێوەزارێک زمانێکی سەربەخۆیە یان دیالەکتی زمانێکە. بۆ حەسەنپوور، بەڵام، کێشەکە زۆرتر کێشەی تیۆری و مێتۆدۆلۆژییە، واتە لە ئەنجامدا، کێشەی ئەپیستیمۆلۆژییە (epistemology). ئەو پێی وایە کە هەرچەند زمانناسە تیۆرییەکان یان زمانناسە پێیان وابێ کە ئەو کارەی ئەوان دەیکەن تەنیا و تەنیا کارێکی زانستییە و فڕیان بە سەر لایەنەکانی دیکەی زمانەوە، وەکوو سیاسەت، نییە، لە ئەنجامدا کارەکەیان سیاسەتی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە، ئەگەر زمانناسێک، بە پێچەوانەی ویستی ئاخێوەری شێوەزارێک، بە شێوە قسەکردنەکەیان بلێت "دیالەکت" ئەو کۆمەڵە خەڵکە ناتوانن داوای مافی زمانی بکەن. حکومەت دەتوانێ بڵێت کە ئێوە زمانتان نییە بەڵکوو دیالەکتی فڵان زمانن کە مافی هەیە. واتە، حەسەنپوور نیگەرانی ئەمەیە کە حوکمی زمانناسێک وەکوو لێکۆڵەرێکی زانستی لەوانەیە کەلکی خراپ و بە پێچەوانەی ویستی خەڵک کەلکی لێوەربگیرێت. دەنووسێت: «ئاشکرایە، کەس ناتوانێت پێشبینی بکات کە زانیارییەک چۆن کەلکی لێوەردەگیرێت. بەڵام، زەحمەت نییە لە کێشەی هەورامیدا ئەوە هەڵێنجین و بڵێین کە ئەگەر زانیاری بەو جۆرە بەرهەم نەیەت کە شارەزاکە [وەکوو زمانناس] بە تەواوی دەسەڵات قۆرغ بکات، دەتوانین بە ئەمە بڵێین لێکۆڵینەوە و کاری زانستییانەی دێموکراتیک. ئەگەر بوارێکی زمانناسی بۆچوونی ئاخێوەرانی شێوەزارێک بە ڕادەی قەزاوەتی زمانناسەکە بە گرینگ و وێچوو دابنێت زۆر کەمتر وا هەیە بە دژی ئاخێوەران کەلکی لێوەربگیرێت.»[16]

لەم وتارەدا، وەکوو زۆر نووسینی دیکەی لە سەر زمان، حەسەنپوور وەکوو زمانناسێکی کۆمەڵایەتی دەنووسێت. شک لەمەدا نییە کە زمانناسی کۆمەڵایەتی زۆر کەلک لە تیۆرییەکانی زمانناسی وەردەگرێت، بۆ وێنە بۆ خوێندنەوەی جۆراوجۆریی (language variation) و گۆڕانی زمان (language change). بەڵام، خۆشی لە زمانناسی جیا دەکاتەوە، بەو واتایە کە، لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتووری زمان زەق دەکاتەوە و زمان لە چوارچێوەی ژینگەکەیدا دەخوێنێتەوە، بە پێچەوانەی زمانناسیی بەراوردییانە (comparative linguistics) یان زمانناسیی هۆشەکی (cognitive linguistics). زمانناسی کۆمەڵایەتی، بە تایبەت دەستەخوشکەکەی واتە کۆمەڵناسی زمان، زۆر سەرنج دەداتە ئاخێوەرانی زمانێک کە چی بە زمانەکەیان دەڵێن، چۆن کەلکی لێوەردەگرن و چۆن بیری لێدەکەنەوە. بە ڕای ئەو، هەموو زانستەکان، لەوانیش زمانناسی، سازکراوی کۆمەڵایەتین (Social constructs). بۆیە بەرهەمهێنانی زانیاری لە هەموو بوارێکدا، زمانناسیشی ڕەگەڵ کەوێت، لە پێوەندییە کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و سیاسییەکان جیا ناکرێتەوە. حەسەنپوور بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ، لە ڕوانگەی تیۆری کۆمەڵایەتی ڕەخنەگرانەوە (critical social theory) و هەروەها ڕێبازی لێکۆڵینەوەی چۆنیەتییەوە (qualitative research method)، بۆچوونی مەکێنزی و ئەوانیتر دەخاتە ژێر پرسیاری زۆر جیدی تیۆریک و مێتۆدۆلۆژییانە کە لە ڕوانگەی مەعریفەناسی (ئەپستیمۆلۆژی) یەوە و، بۆ مەبەستی داڕشتنی تیۆریی نوێ، زۆر گرینگن. لەگەڵ ئەوەشدا، لەم وتارەدا، بە ئاشکرا دیارە کە حەسەنپوور زۆری پێناخۆشە کە مەکێنزی و ئەوانی دیکە دەڵێن، هەورامی کوردی نییە.

---

[16] Hassanpour, "The identity of Hewrami speakers," 41.

© Derwaze

ئاخـۆ بڵێـی ئـەم کارە ئەکادیمییـەی حەسـەنپوور نەکەوتبێتـە ژێـر هەسـتی ناسیۆنالیسـتی؟ وێناچـێ، لـە بـەر ئـەو بابەتـەی کـە ئێسـتا باسـی دەکـەم.

### کێشەی زمانی ڕەسمی لە کوردستانی باشوور

هـەر ئـەو بڕوایـەش بـە جووتسـتاندارد بوونـی زمانـی کـوردی حەسـەنپووری کـرد بـە سـەرقافڵەی ئـەو کەسـانەی کـە لـە ناوەڕاسـتی دووهـەزارەکان و لـە جەنگـەی کێشـەی زمانـی سـتاندارد و فەرمـی لـە باشـوور دژی ئـەوە بـوون کـە تەنیـا شـێوەزارێک، وەکـوو کـوردی ناوەڕاست، ببێـت بـە زمانـی ڕەسـمی باشـووری کوردسـتان. سـاڵی ٢٠٠٨، داواکارییـەک، کـە داوای بەڕەسـمی کردنـی کـوردی ناوەڕاسـتی لـە باشـووری کوردسـتان دەکـرد، و لـە لایـەن ٥٣ کەسـەوە (دوایـە بـوو بـە ٥٢ کـەس) ئیمـزا کرابـوو، درا بـە پارلمـان و حکومەتـی هەرێـم. ئـەو هەڵوێسـتە لـە لایـەن زۆربـەی نووسـەران و شـاعیرانی ڕۆژهەڵاتیشـەوە لایەنـداری لێکـرا. بـەڵام، یەکێتیـی نووسـەرانی پارێـزگای دهـۆک و ئاخێوەرانـی کرمانجیـی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتانیش دژی ئـەم داواکارییـە بـوون. پێیـان وابـوو کـە بادینیـش وەکـوو بنزارێکـی کرمانجـی لـە باشـووری کوردسـتان پرۆسـەی سـتانداردبوونی دەسـت پێکـردووە و شـیاوی ڕەسـمی کردنـە.[17]

ڕەنگـە بـە هەڵـە نەچووبـم کـە بڵێـم، یەکـەم کـەس کـە دژایەتـی ڕاسـتەوخۆی لـە گـەڵ داواکارییەکـەی سـۆرانی ئاخێـوان دەربـڕی، د. ئەمیـر حەسـەنپوور بـوو. دیسـان، حەسـەنپوور لـە ڕوانگـەی زمانناسـیی کۆمەڵایەتییـەوە دەیڕوانییـە بابەتەکـە. بـەو واتایـە، لـە کاتێکـدا کـە لایەنگرانـی تاکزمانـی لـە جۆراوجـۆری زمانـی دەترسـن، زمانناسـی کۆمەڵایەتـی بـە ئەرکـی خـۆی دەزانێـت کـە ڕێـز لـە جۆراوجۆریـی زمانیـی بگرێـت و لێـی بکۆڵێتـەوە. لـە لایەکـەوە کـە لایەنگرانـی تاکزمانـی گەرەکیانـە دەسـەڵات لەسـەرەوەڕا یاسـای زمانـی داسـەپێنن، هەروەکـوو چـۆن وڵاتانـی سـەرکوتکەری زمانـی کـوردی کردوویانـە، زمانناسـی کۆمەڵایەتـی پێـی وایـە کـە سیاسـەت و یاسـای زمانیـی سـەرکەوتوو ئەوەیـە کـە لـە ژێـرەوە دەسـت پێبـکات، یـان لانـی کـەم ئەگـەر لـە سـەرەوەش ڕا بەڕێـوە دەچێـت ڕاوبۆچوونـی ئاخێوەرانـی شـێوەزارەکانی کۆمەڵگەیەکـی زمانیـی لەبەرچـاو بگرێـت. لـە کاتێکـدا بـۆ لایەنگرانـی تاکزمانـی ناسـیۆنالیزم و نەتـەوە لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکی دیکەیـە، بـۆ زمانناسـی کۆمەڵایەتـی پاراسـتنی هەمـوو شـێوەزارەکان و مافـی زمانیـی گرینگـە.[18]

وەکـوو لـە سـەرەوە نووسـیم، حەسـەنپوورزۆر پێشـتر بـەو ئاکامـە گەیشـتبوو کـە چـاک یـان خـراپ، بـەدڵ یـان نابـەدڵ، سـۆرانی و کرمانجـی بـە جیـا ڕێـگای سـتانداردبوونیان دەسـت پێکـردووە. بـۆ ئـەو، بـە ڕەسـمیکردنی سـۆرانی بـە واتـای بەرزکردنـەوەی سـۆرانی و نزمکردنـەوەی بادینـی بـوو، چونکـە لـە ڕوانگەی حەسـەنپوورەوە، هەمـوو کێشـەیەکی زمـان بریتییـە لـە کێشـەی دەسـەڵات و ئایدیۆلـۆژی. مافـدان، واتـە دەسـەڵات دان، بـە هـەر شـێوەزارێک، لـە هـەر وڵاتێکـدا، بـە واتـای کەمکردنـەوەی دەسـەڵاتی ئـەو

---

[17] Jaffer Sheyholislami, "Language status and party politics in Kurdistan-Iraq: The case of Badini and Hawrami varieties." In *Zazaki—Yesterday, Today and Tomorrow: Survival and Standardization of a Threatened Language* (Graz, Austria: WIEN KULTUR, 2017), 55-76.

[18] بۆ دەقی جاڕنامەی جیهانی مافی زمانی بە کوردی، بڕوانە بڵاگی ڕوانگە:
http://ruwange.blogspot.ca/2010/02/universal-declaration-of-linguistic.html

شێوەزارەیە کە تا ئەو کاتە باڵادەست بووە. حەسەنپوور پێی وایە کە جووتستانداردی نەک تەنیا نابێتە هۆی پارچەپارچە بوونی کوردستانی باشوور، بەڵکوو لەوانەیە ببێتە هۆی تەبایی. ئەو پێیوایە کە دانپێدانانی مافی هەردوو شێوەزاری ستاندارد هەڵوێستێکی ڕزگاریخوازانە و دێموکراتیکانەیە. ئەم وتارە، لە ڕۆژنامەی فەرهەنگ بڵاو کراوە و دەورێکی سەرەکی گێڕا لە وروژاندنی باسەکە.[19] ڕەنگە بەشێک لەوەش ئەمە بێت کە سەردێڕی وتارەکە، «شۆڤینیزمی سۆرانی و ئەفسانەکانی»، زۆر کەسی تووڕە کرد، بە تایبەت ئەو کەسانەی کە بە هیچ نرخێک لە ئایدیۆلۆژی «یەک نەتەوە بریتیە لە یەک زمان»، پاشگەز نەبوونەوە و نابنەوە، بە بێ ئەوە کە بیر بکەنەوە کە هەر ئەم ئایدیۆلۆژییە نزیکەی سەد ساڵە هەڕەشە لە هەموو شێوەزارە کوردییەکان دەکات. لێرە، مەودای ئەمە نییە کە زۆرتر بچمە ناو وردەکاری کێشەی زمانی ڕەسمی لە کوردستانی عێراق، بەڵام بۆ زانیاری خوێنەر، لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٨ و ٢٠١٢دا، حەسەنپوور لە زنجیرەوتارێکدا، چ لە ناو ڕۆژنامەکان و ماڵپەڕەکان[20] و چ لە گۆڤارە زانستییەکاندا،[21] هەڵوێستە پێشووەکەی خۆی لەمەڕ جووتستانداردبوونی زمانی کوردی زۆرتر شی دەکاتەوە.

لە گەڵ ئەوەدا کە حەسەنپوور دژی ئەوەیە کە کوردی ناوەڕاست لە باشووری کوردستان خۆی بە سەر بادینی دا بسەپێنێ، و تەواو لە گەڵ ئەوەیە کە کوردستانی باشوور دەتوانێ لە پاڵ عەرەبییەوە دوو شێوەزاری ڕەسمی کوردی هەبێت، لە ئاست داواکاری هەورامی ئاخێوان لە باشووری کوردستان بەو شێوەیە هەڵوێست ناگرێت کە لەمەڕ بادینی/کرمانجی گرتوویە. ئەمە جێگای پرسیارە.

ساڵی ٢٠٠٦، هەورامی ئاخێوان داوانامەیەکیان دا بە پارلمان و حکومەتی هەرێم و داوای مافی زمانیان کرد. گەرەکیان بوو کە هەورامی لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە پشتی بگیرێ و ڕێگاش بدرێت کە منداڵانی ناوچەی هەورامان بە شێوەزای زگماکی خۆیان لە فێرگە بخوێنن. چەند جاری دیکەش ئەو داواکارییەی هەورامییەکان دووپاتە بووەوە،[22] بەڵام حەسەنپوور هەڵوێستی نەگرت. ئەمەش جێگای سەرنج و پرسیارە کە بۆچی حەسەنپوور زۆر بە شێلگیریی پشتیوانی لە هەڵوێستی بادینییەکان و کرمانجی ئاخێوان لە بەرانبەر سۆرانی ئاخێوان دا کرد، بەڵام هەر ئەو هەڵوێستەی بۆ مافی زمانیی هەورامییەکان نەبوو. خۆ ئەگەر بە پێوانەی زمانناسیانە بێت، هەورامی زۆر جیاوازترە لە سۆرانی هەتا کرمانجی. ئەوە چەند سەد کەسێکیش لە هونەرمەند و خاوەن قەڵەماکنیان داوانامەیان بۆ جیاواز بوون و مافی زمانی ئیمزا کردووە. من شکم بۆ دوو هۆ دەچێت کە حەسەنپوور لەم بارەوە بیدەنگ بوو. کە دەڵێم بێدەنگ بوو مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم دژی مافی زمانیی بۆ هەورامییەکان بوو. وا بزانم لە وتووێژێکیش دا لایەنداری لە مافی زمانی ئەوان و هەموو کەمینەییێک دەکات، بەڵام مەبەستم لە بیدەنگی ئەوەیە کە نووسینێکی

[19] ئەمیر حەسەنپوور، «شۆڤینیزمی سۆرانی و ئەفسانەکانی»، فەرهەنگ، ١٠: ژوومارە ٢٢، ١٠-٣؛ ژمارە ٢٤، ٨-٣
http://en.calameo.com/read/000084793e0c538f6d76f

[20] لە وێبلاگی ڕوانگە (RUWANGE) بگەڕێ بۆ ‹ئەمیر حەسەنپوور›: http://ruwange.blogspot.ca/2018/02/blog-post.html ؛
هەروەها لە ماڵپەڕی ئەکادیمی کوردی، لە ڕیزی ناوی زمانناسەکاندا، بگەڕێ بۆ ئەمیر حەسەنپوور: http://www.kurdishacademy.org

[21] Amir Hassanpour. "The Indivisibility of the Nation and its Linguistic Divisions." *International Journal of the Sociology of Language* 2012, no. 217 (2012): 49-73.

[22] Sheyholislami

© *Derwaze*

تایبەتی چ ئەکادیمی و چ غەیرە ئەکادیمی بۆ شیکردنەوەی داوای هەورامییەکان نەنووسی و بڵاو نەکردەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە داوانامەی هەورامییەکان بۆ مافی زمانی دوو ساڵ بەر لە داوانامەکەی سۆرانی ئاخێوان درا بە حکومەتی هەرێمی کودستان و پارلمان. هۆی یەکەمی بێدەنگی حەسەنپوور ڕەنگە ئەمە بووبێت کە پێشتر، لەو وتارەدا کە لە سەرەوە باسم کرد، ئەو بە هۆی جیاواز و بە بەڵگەی جیاواز دژی زمانناسە ڕۆژاواییەکان وەستابوو، ئەوانەی کە دەیانگوت هەورامی کوردی نییە. ئەگەر ئێستا پێشتیوانیی ڕاستەوخۆی کردبا، ڕەنگ بوو وای نواندبا کە لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز بووەتەوە، بڕوای بە مەکێنزی و ئەوانتیر هێناوە کە هەورامی جیاواز لە کوردییە و مافی زمانی خۆی شیاوە. بێجگە لە ئەمە، هۆیەکی دیکەش ڕەنگە تەئسیری لە بێدەنگی حەسەنپوور لە سەر کێشەی هەورامی کردبێت، ستاندارد نەبوونی ئەم شێوەزارەیە. ئەو نزیکەی سی ساڵ پێشتر گوتبووی کە کوردی زمانێکی جووتستانداردە، سۆرانی و کرمانجی. کەوابوو، ئاسایی بوو کە بڵێ، منداڵانی بادینان دەتوانن و مافی خۆیانە بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن. بەڵام، بۆ هەورامی کە هێشتا ستاندارد نەبووە نەیدەتوانی هەمان شت بڵێت.

## زمان و ژێندەر

بۆ حەسەنپوور زمان تەنیا کەرەسەیەکی پێوەندی یان نیشانەیەکی ناسنامە نییە، بەڵکوو زمان هەم ڕەنگدانەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و بکەرێکی کارایە لە سازکردن، بەرهەمهێنانەوە و بەرەنگاربوونەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتی، کولتووریی، ئابووریی و سیاسییەکاندا. یەکێک لەو پێوەندییە مرۆییانە کە پێوەندییەکی دیالەکتیکی لە گەڵ زمان هەیە بریتییە لە ژێندەر یان ئەوەی حەسەنپوور بە کوردی پێی دەڵێ، «جنسێتی».[23] حەسەنپوور لە ڕوانگەیەکی فەمینیستی-مارکسیستییەوە بابەتەکانی ژێندەری هەڵدەسەنگاند لەوانە بابەتی ژن و زمان. ئەم بووچوونە لە دوو وتاری دوکتۆردا بە ڕوونی دەرکەوتووە. یەکەمیان وتارێکە بە ناوی «بەرهەمهێنانەوەی پیاوسالاریی لە زمانی کوردی دا» کە لە کتێبێکی ئامادەکراوی د. شەهرزاد موجاب دا، ساڵی ٢٠٠١، بڵاو بووەوە. سەردێڕی کتێبەکە بریتییە لە «ژنانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت: کوردەکان».[24] لەم وتارەدا، حەسەنپوور دەیهەوێ نیشان بدات ئەمە تەنیا دەنگۆیە کە گۆیا ژنی کورد، بە قسەی هەندێک ڕۆژهەڵاتناسان، لە ژنی نەتەوەکانی دراوسێ سەربەستترە. بۆ سەلماندنی ئەمە، «ئەم وتارە بابەتەکە دێنێتە گۆڕەپانی زمان و، پێشنیار دەکات کە دابەشبوونی نابەرانبەری دەسەڵاتی ژێندەری بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە لە زمانی کوردی دا، کە یەکێک لە گۆڕەپانەکانی پاشگوێ خراو بەڵام بەهێزە کە حوکمی پیاوسالاری تێیدا ئەزموون دەکرێت. بەڵگەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە نیشان دەدەن کە توند و تیژیی زمانی، گوتاری و سیمبۆلیک دژی ژن، هاوشانی توندوتیژی هەستیاری و فیزیکی بە شێوەی جۆراوجۆر، لە ئارا دان.“[25] لەم وتارەدا، حەسەنپوور بە

[23] ئەمیر حەسەنپوور، «دەنگ و ڕەنگی ژن لە هونەری زارەکی دا»، فەرهەنگی زارەکی موکریان: بەشی ژنان، ٥٠-٧. ئامادەکردنی سەلاح پایانیانی. مەهاباد، ئێران، ١٣٩٣/٢٠١٤.

[24] Hassanpour, Amir. "The (Re)production of Patriarchy in the Kurdish Language." In *Women of a Non-State Nation: The Kurds*, ed. Shahrzad Mojab (Costa Mesa, CA, Mazda Publishers, 2001), 227-263.

[25] Hassanpour, 227.



جەعفەر شێخولیسلامی و ئەمیر حەسەنپوور، تۆرۆنتۆ 1992

زۆری پشت بە تیۆری فەمینیزمی ڕەخنەگرانە و فەمینیستی زمانی دەبەستێ. لە گەڵ ئەمەشدا، پێداچوونەوەیەکی هەیە لە دوو ڕەوتی لێکۆڵینەوەی سەر زمان و ژێندەر لە زمانناسی کۆمەڵایەتی دا: (١) جیا قسەکردنی ژن و پیاو و هۆیەکانی–تیۆری جیاوازی و دەسەڵات؛ (٢) زمانی سێکسێتی و چۆنیەتی بەرهەمهێنانەوەی ئەو زمانە و پێوەندییە دیالەکتیکییەکەی لەگەڵ پیاوسالاری و پەڕاوێزخستنی ژن. حەسەنپوور بڕوای بە «جەبرێتی زمانی»[٢٦] بیرەومەندگەلێک وەکوو بنیامین وۆرف و ویلیام سەپیر، یان لودوێک ڤتگنشتاین، نییە، بەڵام لە ڕوانگەی فەمینیستی زمانییەوە پێی وایە کە زمان دەورێکی گرینگ دەگێڕێت لە بەرهەمهێنانەوە پیاوسالاری و بۆچوونی دژە ژن. حەسەنپوور ڕای خۆی هەروەها لە پۆست-ستراکچرالیزم (Post-structuralism) جیا دەکاتەوە، و دەڵێ کە واتای پێکهاتەکانی زمان تەنیا لە بازنەی بەستراوەی زمان دا نامێننەوە، بەڵکوو نوێنەرایەتی دنیای ئەوپەڕزمانی دەکەن. کەوابوو، زمانی دژەژن لە کۆمەڵگەیەک دا ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی پیاومەزنیی لەو کۆمەڵگەیەدایە و دەتوانێت ئەو دەسەڵاتە بەرهەم بێنێتەوە یان بەرپەرچی بداتەوە. [٢٧]

[٢٦] تیۆری جەبرێتی زمانی (linguistic determinism) لە ئەمریکا لە لایەن بێنجەمین وۆرف (Benjamin Whorf) و ویلیام سەپیر-ەوە (William Sapir) و، لە ئورووپاش لە لایەن فەیلەسووفی ئاڵمانیەوە، لودویک ڤیگنشتاین (Ludwig Wittgenstein)ەوە پەرەی پێ درا. یەکێک لە قسە هەرە بەناوبانگەکانی ئەو بیرەومەندانە شتێکە لەم چەشنە: سنووری زمانەکەی من سنووری بیرکردنەوەم دیاری دەکات. بەو واتایە کە ئاخێوەرانی هەر زمانێک توانایی جیاوازیان هەیە بۆ خوێندنەوەی دنیا و بیرکردنەوە. ئەم تواناییەش زمانەکەیان دیاری و سنووورداری دەکات. ئەم بۆچوونە دوو ڕاوێژی هەیە. یەکیان دەڵێت کە زمانێک چوارچێوەی بیرکردنەوەی ئاخێوەرەکەی سەد لە سەد دیاری دەکات. بە ئەمەیان دەڵێن: جەبرێتی زمانی. ئەمە ڕاوێژی تۆخی ئەم بۆچوونەیە و بیروڕای ناکۆکی لە سەرە. بەڵام، ڕاوێژی دووهەمی ئەم فکرە نەرمترە و کەمتر کەس هەیە کە دژی بوەستێتەوە. ئەم ڕاوێژە دەڵێ کە، زمانەکەم دنیای من و بیرکردنەوەم دیاری ناکات بەڵام تەئسیری لە سەر دادەنێت.

[27] Hassanpour, 232.

© Derwaze

بە سەرنجدان بە واتای وشە و گرێی زمانی، حەسەنپوور دەست دەکات بە شیکردنەوەی داتایەکی زۆر و زەوەند کە پێکهاتووە لە پەند و گوتەی پێشینیان، شیعر و دەقی دیکە. بۆ نموونە، حەسەنپوور ئەم لایەنانەی زمانی پیاوەزنیی دەستنیشان دەکات: (١) وشەی «پیاو» بە واتای ئینسان دێت: «پیاو خراب بوون». بۆ نموونە، ژنێکیش لەوانەیە بڵێت: ئەو هەموو چاکەم لە گەڵ کردن کەچی پیاوخرابیش بووم. یان وشەی «پیاوەتی» بە واتای ئنیسانەتی و ئینسانیەت دێت. (٢) پیاوی بەجەرگ و ژنی ترسەنۆک: بۆ نموونە هەژار وشەی «رەند» بەمجۆرە لێکدەداتەوە: «پیاوی زۆر پیاو". بەڵام، هەندێک بۆ بانگکردنی ژن کەلک لە وشەی عەرەبی "زەعیفە" وەردەگرن. یان لە گوتەی پێشینیان دا دەڵێن: "لە گەڵ کچم بۆ کوێ بچم، لە گەڵ کوڕم کێو ئەبڕم." واتە، کچ هیچی لە دەست نایەت و بۆ ئەوە ناشێت پشتی پێ ببەستیت، بەڵام لە گەڵ کوڕ دەتوانیت دەست بدەیتە هەموو کارێک. (٣) تێکەڵاوی جنسی: لەشی ژن هەتا ئەو کاتە کە کچێنی ماوە «نامووس» و «شەرەف»ی بنەماڵە و عەشیرەتە. بە گوتەی حەسەنپوور، کچێنی دەمێنێت هەتا کچ «بن»ی مابێت. بەڵام، کچ دەبێت بە ژن کاتێ دەبێتە بەرکاری کرداری وەکوو "بنپژاندن"، "بنڕژاندن" و "کون کردن". لە کاتێکدا کە ژن بەرکارە و وەرگری ئەم کردارانەیە، پیاو بکەری ئەو کردەوانەیە. (٤) زەماوەند و ژنوشوویی: لە کاتێکدا لە زمانی کوردیدا «ژن بە ژنە« هەیە، «پیاو بە پیاو» نییە. ئەوەش نموونەیەکی دیکەی نوێنەرایەتی سیستەمی پیاوەزنیی و کەمدەسەڵاتی ژنە لەو کۆمەڵگەیەدا؛ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە زمان دا ڕەنگ دەدەنەوە. یان بۆ نموونە، «ژن بە شوو دان» یان «ژن بە مێرد دان» لە کوردی دا هەیە، بەڵام (پیاو بە ژن دان) نییە. واتە، ژن شتێکە کە دەردێت بە پیاو. پیاویش یان وەردەگرێت یان پێی دەدەن. بۆ نموونە، «ژنیان بۆ هێنا» یان «ژنی هێنا».

ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکن لەو هەموو وێنانەی کە حەسەنپوور لە نزیکەی دە لاپەڕەی چڕدا دەیانهێنێتەوە. لە گەڵ ئەمەشدا، حەسەنپوور نیشان دەدات کە زمانی کوردی هەروەها ڕەنگدانەوەی بەربەرەکانی دژی سیستەمی پیاوەزنییە. بۆ نموونە، حەسەنپوور بەیتی «سوارۆ» دەگێڕێتەوە کە چۆن ژنێک پاشی چاوەڕوانییەکی زۆر لە نێو پۆلی سواران دا کە لە شەڕ دەگەڕێنەوە، سواری خۆی نابینێت و شینی بۆ دەگێڕێت:

"...سوار! دەستی منت دامێن بێ!
"دەنا جوابم بۆ بەرە حەکیمان، حەتاران، لوقمانان، تەبیب و چازانان
"دەبڵێن چ تاقە دەستانی نەکەنێ
"هەتا بۆ خۆم دەرمانێکی بۆ دەگرمەوە لە حێلێ، لە دارچینێ، لە قەنەفلێ، لە ژەنگی دە گوارێ، لە تۆزی دە شەدێ
"دەستاوی دەدەم بە ئارەقێ گەردەنێ
"دەی هاوێمە سەر زاری برینی چووکەڵە سوارێ
"نەبادا لە منی قەلەندەر و بابان وێرانێ..."[28]

[28] حەسەنپوور، ئەمیر. «دەنگ و ڕەنگی ژن لە هونەری زارەکی دا». فەرهەنگی زارەکی موکریان: بەشی ژنان، ٥٠-٧. ئامادەکردنی سەلاح پایانیانی. مەهاباد، ئێران، ٢٠١٤/١٣٩٣.

حەسەنپوور دەڵێ کە لەم بەیتەدا، هەرچەند بە شێوەیەکی چاوەڕوانکراوی ژینگەی ئەوکات کچ ماچ نادات بە کوڕەکە، بەڵام، بە پێچەوانەی باری کۆمەلایەتی باو، ئازایانە هەستی خۆی دەردەبڕێت و نیشانیش دەدات کە شارەزای ویست و خواستی خۆشەویستەکەیەتی، بۆیە پێشکەشی دەکات ئارەقی گەردەنی، تۆزی دە شەدێ و ژەنگی دەگوارێ، بۆ پێچانەوەی برینی سووکەڵەسوارێ.

حەسەنپوور ئەم تێبینیە وردانە لە سەر ڕەنگدانەوەی ژن لە زمانی ئەدەبی زارەکی دا، لە وتارێکی دیکەدا، کە بە کوردی نووسراوە، بە بەربڵاویی باس دەکات.[29] لەم وتارەدا، حەسەنپوور هەوڵێکی سەرکەوتوانە دەدات ئەدەبی زارەکی موکریان لە ڕوانگەی خۆیەوە تیۆریزە بکات. بۆ ئەم کارە، هەم لە بیرمەندانی رۆژاوایی و هەم لە نووسەرانی لای خۆمان کە لە سەر بەیت و باوی کوردی نووسیویانە، وەکوو هێمن موکریانی، کەلک وەردەگرێت. دەنووسێت: «پێویستە لە ڕووکاری هونەری زارەکی دا نەمێنینەوە و بۆ قووڵاییێکەی بچین، و پێوەندییەکانی ببینین، و لە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەدا زەمینەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەو هونەرەمان لە بەرچاو بێ، و ئەوەش بەبێ کەڵک وەرگرتن لە تیۆری وەدەست ناکەوێ.»[30] بە گێڕانەوەی قسەیەک لە سیمۆن دوبوڤار، کە «وەک ژن لە دایک نابین بەڵکوو دەبین بە ژن»[31]، حەسەنپوور گەرەکیە بڵێت کە پیاوبوون، ژن بوون، پێوەندی ژێندەرەکان، بۆچوونەکان سەبارەت بە ژێندەرەکان و هتد لە ئەزەلەوە ئەوە نەبوون کە هەن، بەڵکوو بە درێژایی مێژوو و لە ڕەوتی هەڵسوکەوتەکانی ئینسانەکاندا گۆڕاون، گۆڕاون و دیسان سازکراونەتەوە. یەکێک لە ڕێگەکانی ئەو سازکردن و سازکردنەوانەش بریتیە لە زمان، کە لە فاکتۆرە گرینگەکانی دیکە وەکوو پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان جیا ناکرێتەوە. هەڵبەت، وەکوو حەسەنپوور دەڵێ، ناتوانین چاوەڕوان بین کە زمانی ئەدەبی زارەکی دە گژ پیاوسالاری ڕۆبێ و پێوەندییەکان لەم سەردەمە مۆدێرنەدا، کە هەر دێ و ئاڵۆزتر دەبێت، بگۆڕێت. بەڵام، دەتوانین هیودار بین بەرەی نوێ، لە بەر ئەوە کە دەستی بە زانست و زانیاری نوێ ڕادەگات، بە هۆی ئینترنەت و کاناڵە دیجیتاڵە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بتوانێ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی پێک بێنێت. حەسەنپوور لە کۆتایی وتارەکەی دا هانی لێکۆڵەرانی نوێ دەدات کە بزانن کەلوەرگرتن لەو میدیا کۆمەڵایەتی و تێکنۆلۆژییە نوێیانە تا چ ڕادەیەک دەتوانێ خۆ لە پەردوو و پەرژینە کۆنەکان ڕزگار بکات و ئاسۆیەکی ڕوونترمان پێ نیشان بدات. خۆی دەنووسێت: «ئێستە کە هونەری زارەکیی کوردیی بە تێکنۆلۆژی تازەی ڕاگەیاندن ڕازاوەتەوە دەکرێ ورد بینەوە کە تا چ ڕادەیێک لە ناوەڕۆک و بۆچوونی جاران دادەبڕێ و ئاسۆیێکی دی بەرەو ڕزگاریی ژن و ئینسان ڕەچاو دەکا.»[32]

**زمان و میدیا**

حەسەنپوور، رۆڵی میدیا و تێکنۆلۆژی لە ژیان و ئێکۆلۆژی زمانیش دا زۆر بە گرینگ دەزانێت. لە خوێندنەوەکانی دا، چونکە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری دیاردەکانی ژێر لێکۆڵینەوەی لە

[29] هەمان سەرچاوە.
[30] حەسەنپوور، ٢٢.
[31] حەسەنپوور، ٤٨.
[32] حەسەنپوور، ٥٠.

© Derwaze

بەرچاو بوو، نەیدەتوانی لە گەڵ مارشل مەکلووهن (Marshall McLuhan) یان واڵتر ئانگ (Walter Ong)، پێشەنگەکانی بیری «خورتییتی/جەبرێتی تێکنۆلۆژی» (Technological determinism)، بە تەواوی هاودەنگ بێت.[33] حەسەنپوور دەوری میدیا و تێکنۆلۆژی لە چەند لایەنی ژیان و مەرگی زمانەکان دا دەبینێت: ستاندارد بوون (کاری دوکتۆراکەی)، بەربەرەکانی (وەکوو کەیسی مێد-تیڤی)، بەخۆداهاتن (کەیسی میدیای دیکە لە دەوڵەمەندکردنی زمان) و تەنانەت مەترسی مردن (وەکوو دەسەڵاتی بێ سنووری زمانی ئینگلیسی لە سەر ئینترنەت و دنیا کە دەتوانێ جێگای مەترسی بێت بۆ زمانە بچووکەکان).

وەکی پێشتر گوتمان دوکتۆراکەی حەسەنپوور بە بێ شک گرینگترین بەرهەمی بوو لە سەر زمانی کوردی بە تایبەت ستانداردبوونی ئەو زمانە. لەو کارەیدا، هەرچەند ئەو زۆر بەڵگەنامەی جۆراوجۆری لە بوارەکانی خوێندن و کاروباری حکومی و دەستووری خستە بەر لێکۆڵینەوە، بەشی هەرزۆری داتاکەی بریتی بوو لە تێکست و دەقی میدیا، وەکوو ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ، شانۆ، تەلەڤیزیۆن و سینەما. حەسەنپوور پێی وابوو کە شان بە شانی پەروەردە میدیا لە یەکدەست کردن و بەکۆدکرنی زمان دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ، لە بەرهەمهێنانی وشە و زاراوەی نوێ بۆ دەربڕینی بابەتی نوێ و چەمکی تازە کە میدیا ناچارە ڕۆژانە باسیان بکات. لەم ڕۆژانەدا زۆربەمان ئەم دەورە گرینگەی میدیای کوردی بە چاوی خۆمان دەبینین. کاناڵە تەلەڤیزیۆنییەکان، بە تایبەت، ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان پەیتا پەیتا وشە، زاراوە و دەستەواژەی نوێ ساز دەکەن و لە ناو کوردی-ئاخێوان دا باویان دەکەن. هەندێکیان لەبار نین و بە دڵی زۆر کەس نین، بەڵام زۆربەشیان جێگەی خۆیان دەکەنەوە و دەچنە ناو قاموسی کوردییەوە و زۆربەشیان بە کەس دەرناکرێن. لە ڕاستیدا، ڕەنگە بتوانین بڵێین کە لەم ساڵانەی دواییدا، تەئسیری میدیای کوردی لە سەر پێشکەوتنی زمانەکە ئەرێنیتر لە تەئسیری پەروەردە بووە، بە تایبەت لە کوردستانی باشوور. لە پارچەکانی تر، لە بەر نەبوونی پەروەردە بە کوردی، میدیا دەوری هەرە سەرەکی گێڕاوە لە بەخۆداهاتن و پێشکەوتنی زمانەکەدا.

بێجگە لە دوکتۆراکەی و ئەو کتێبەی کە لە سەر ئەساسی تێزەکەی دەرچووە، حەسەنپوور لە چەند بەرهەمی دیکەشی دا دەوری میدیا و تێکنۆلۆژی لە ژیانی زمانەکاندا، بە گشتی، و زمانی کوردیدا، بە تایبەتی، نرخاندووە. لە زنجیرە وتارێکدا بۆ ئینسایکلۆپیدیای تەلەڤیزیۆن،[34] لە سەر چەند لایەنی گرینگی زمانی تەلەڤیزیۆن نوسیویەتی، وەرگێڕان بە نووسین بۆ تەلەڤیزیۆن، دووبڵەکردن یان دەنگ وەرگێڕان بۆ تەلەڤیزیۆن، زمان و تەلەڤیزیۆن، ژێرنووسیی بۆ تەلەڤیزیۆن، و دەنگپۆشی بۆ تەلەڤیزیۆن. حەسەنپوور پێی وایە کە هەروەکوو ستودیۆ و کامێرا و بەشەکانی زۆر گرینگی تری

---

٣٣ بۆ لایەنگرانی «خورتێتی/جەبرێتی تێکنۆلۆژی» تێکنۆلۆژی ئەوەندە بە هێزە کە دەتوانێت بەدەر لە چۆنێتیی فاکتۆرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی قووڵی خۆی لە سەر کۆمەڵگە دابنێت. لایەنگرانی تیۆری کۆمەڵایەتی ڕەخنەگرانە هەرچەند ڕۆڵی گرینگی تێکنۆلۆژی لە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دا ڕەت ناکەنەوە، پێیان وایە کە ژینگە کۆمەڵایەتییەکان دەوری سەرەکی دەگێڕن لە دیاریکردنی تەئسیری تێکنۆلۆژی دا.

34 Amir Hassanpour, “Captioning,” “Dubbing,” “Language and television,” Vol. 2: 1313-18; “Subtitling,” Vol. 3: 2219-21, in *Encyclopedia of Television (2nd Edition)*, ed. Horace Newcomb (New York, NY: Fitzroy Dearborn, 2005). Vol. 1, 310-311, 532-533, vol. 2, 923-926, vo. 3, 1590-1591, 1775.

تەلەڤیزیـۆن، زمانیـش دەتوانـێ هەسـتێکی تێکەڵاوبـوون لـە گـەڵ پرۆگرامـەکان لـە نـاو دوییـنراوەکان دا پێـک بێنێـت، هەروهـا هەسـتی «هاوبەشـبوون لـە کات و شـوێن دا.»[35] هەروەهـا، تەلەڤیزیـۆن، وەکـوو میدیـای تـر، هەمیشـە دەگـۆڕدرێ، لـە بـەر ئەمـە دەتوانـێ توانایـی نـوێ لـە زمـان دا پێـک بێنێـت و بـەو جـۆرە زمـان دەوڵەمەندتـر بـکات. بـە بەرپەرچدانـەوەی ڕوانگـەی مارشـل مەکلووهـن کـە گوتبـووی «میدیـا پەیامەکەیـە»، واتـە گرینگـی میدیـا لـە گەیاندنـی خـودی پەیـام دایـە نـەک ناوەرۆکـی پەیامەکـە، حەسـەنپوور دەنووسـێت کـە زمـان بێلایـەن نییـە بەڵکـوو «هەمیشـە لـە دەوری چۆنیەتـی دابەشـکردنی دەسـەڵات لـە کۆمەڵگـەدا هـاڵاوە.»[36] ئـەم تێکەڵاوییـەی زمـان لـە گـەڵ دەسـەڵات، بـە ڕای حەسـەنپوور لـە لایەنـی فۆرمـی زمانیشـەوە خـۆی دەنوێنـێ. بـۆ نموونـە، دەنووسـێت کـە، «هەروەکـوو ئەکادیمـی زمـان و قامـووس، تەلەڤیزیـۆن لـە ژینگـەی زمـان دا چالاکـە، و گوتـارەکان، شـێوازەکان و شـێوەزارەکانی تایبـەت بـە خـۆی دەخولقێنێـت.»[37] کەوابـوو، بـە ڕای نووسـەر، تەلەڤیزیـۆن دەتوانـێ ڕەوایەتـی بـدات بـە بوونـی زمانێـک، جـا چ زۆرینـە بێـت و چ بەکەمینەکـراو. هـەر بۆیەشـە، ئەگـەر سیاسـەتی ڕەوای زمانـی لـە وڵاتێـک دا نەبێـت، نەبوونـی زمانێـک لـە نـاو میدیـادا، بـە شـێوەیەکی چـالاک و سەربەسـتانە، لەوانەیـە زمانەکـە تووشـی هەڕەشـەی لەنێوچـوون بـکات. بۆیـە، لـە ڕوانگـەی چالاکانـی زمانـەوە میدیـای زاڵ بـە تایبـەت لـە نـاو وڵاتـە نادێموکراتـەکان دا دەکـرێ ببنـە هەڕەشـە لـە سـەر مانـەوەی زمانـە پەڕاوێزخـراوەکان. بـۆ ماوەیەکـی زۆر زمانناسـان و چالاکانـی مافـی زمانـی، لەوانـەش حەسـەنپوور، نیگەرانـی ئەمـە بـوون کـە هێژمۆنـی ئینگلیسـی لـە سـەر ئینترنـەت مانـەوەی هەمـوو زمانەکانـی دیکـەی خسـتبووە ژێـر پرسـیار. لـە هەمـان کاتیشـدا، زۆرێـک لـەم لێکۆڵەرانـە لـە عەینـی ئـەو نیگەرانییـەدا، پێشـیان وا بـوو کـە ئەگـەر هـەر ئـەو دەزگـە نوێیانـەی ڕاگەیانـدن بـە دەسـت هەمـوو لایەنێـک بـن لەوانەیـە بـە سـوودی زمانـە پەڕاوێزخـراوەکان بـن.

حەسـەنپوور ئـەو ڕووناکاییـەی لە سـەرهەڵدانی مێد-تی.ڤـی. دا دیت. لـە وتارێکدا بە ناوی «شـوێنپێیەکانی سـەتەلایت وەکـوو سـنووره نەتەوەییـەکان: مێد-تی.ڤـی. و ئەوپەڕهەرێمایەتـی سـەربەخۆیی دەوڵـەت»، دەنووسـێت: «لـە کاتێـک دا کـە کـوردەکان وەکـوو تـاک، بـە فێرکردنـی خوێندنـەوە و نووسـینی زمانـی کـوردی بـە منداڵەکانیـان، بەرەنـگاری قەدەغەکردنـی خوێنـدەواری [بـە کـوردی لـە لایـەن دەوڵەتێکـی وەکـوو تورکیـاوە] بـوون ، مێـد تی.ڤـی. ئـەو وانانـە [ی خوێندنـەوە و نووسـینی کـوردی] بـۆ میلۆنـان کـەس، هەمـوو ڕۆژێ، دەڵێتـەوە.»[38] یەکێـک لـەو پرۆژانـەی کـە حەسـەنپوور لێکۆڵـەری تـری وەکـوو منـی هـان دەدا کـە بیکـەم ئـەوە بـوو کـە بزانیـن جەسـتە و ئاسـتی زمانـی کـوردی لـە دنیـای تێکنۆلـۆژی و دەزگـە پێوەندییـە کۆمەڵایەتیەکانـدا چـی بەسـەر هاتـووە. ئایـا شـێوەزارە کوردییـەکان لـە یەکـتر نزیکـتر یـان دوورتـر بوونەتـەوە؟ لـە کاتێکـدا لـە نـاو فەیسـبوک بـە کـوردی دەنووسـین، ئایـا نووسـین بـە کـوردی زۆرتـر بـەرەو شـێوازی نووسـین و سـتاندارد و یەکدەسـتی ڕۆیشـتووە یـان هـەردوو شـێوەی زارەکـی و نـووسراو لـە

[35] Hassanpour, “Captioning,” “Dubbing,” “Language and television,” 923.

[36] Hassanpour, “Captioning,” “Dubbing,” “Language and television,” 924.

[37] Ibid.

[38] Amir Hassanpour. “Satellite Footprints as National Borders: Med-TV and the Extraterritoriality of State Sovereignty” *Journal of Muslim Minority Affairs* 18, no. 1 (1998b): 58.

© Derwaze

نووسینی ناو فەیسبوک و باقی میدیا کۆمەڵایەتیەکاندا دەور دەگێڕن؟[٣٩] تێکنۆلۆژی چاپ دابڕانێکی گەورە بوو لە جیهانی زارەکی بەر لە خۆی. هەرچەند تێکەڵاوی ئەم دوو شێوەزمانە لە بوارەکانی نووسیندا هەر هەبووە و هەیە، بەڵام، دیسانیش لە هەندێک ژانرەی نووسیندا، بۆ نموونە وتاری ئەکادیمی و زانستی، ئەو دوو شێوەزمانە (register) زۆر لە یەکتر جیاواز کراونەتەوە. بەڵام، لە دنیای تێکنۆلۆژییەکانی ئەمڕۆی ڕاگەیاندندا، سنوورەکانی شێوەزمانی زارەکی و نووسراو هەروا دێ و لێڵتر دەبێت.

لە بەرگی یەکەمی "فەرهەنگی زارەکی موکریان"ی کاک سەلاح پایانیانی دا، حەسەنپوور وتارێکی ٦٤ لاپەڕەیی نووسیوە کە بە ڕای من باشترین نووسینی کوردییە لە سەر چەمکەکانی "زارەکێتی" و "نووسیارێتی" (Orality and literacy) و دەوری تێکنۆلۆژی نووسین لە گۆڕینی زمانی زارەکی و ژانراکانی پێوەندیگرت دا. بۆ نیشاندانی ئەم دابڕانە، جیاوزاییە سەرەکییەکانی زمانی زارەکی و نووسراو دیاری دەکا وەکوو، «بەسترانەوە بە دەوروبەر» و بە پێچەوانەوە؛ «بەسترانەوەی فکر بە سوننەت»، لە لایەک، «فکرکردنەوە بە ئەزموون و دۆزینەوە»، لە لایەکی تر؛ «بیرکردنەوەی عاتیفی» (هەستیارانە) لە بەرانبەر «بیرکردنەوە و بە مەنتیق»؛ «گێڕانەوە» لە بەرانبەر «لێکدانەوە»؛ «ئێستا» لە بەرانبەر «ڕابردوو/داهاتوو»؛ «نەبوونی دەوڵەت و بووروکراسی» لە بەرانبەر «بوونی دەوڵەت و دەزگای دەوڵەتی» و هتد.[٤٠] حەسەنپوور، دوو بەرەی فکری لە سەر ئەم جیاوازییانە دیاری دەکات. بەرەیەکی فکری دەڵێت کە نووسین «دابڕانی گەورەی مێژوو»یە؛ هەموو شت پاشی نووسین گۆڕا. بەرەیەکی دیکە لەو سەری جەمسەرەکەوە دەڵێن کە وا نییە و سەرەڕای جیاوازی بەرواڵەت ئەم دوو جۆرە فەرهەنگ و شێوەی پێوەندی گرتنە لە بنەڕەتدا هەر یەکن. نووسەر ڕێگەی سێهەم هەڵدەبژێرێت. دەنووسێت: "بەدیلی ئەو دوو بۆچوونانە ڕوانگەی دیالێکتیکی یە کە بەرەی دژ بە یەک لێک هەڵنابڕێ و کۆکی و ناکۆکی یەکانیان لە ژیانی دیاردەیەک دا بەدی دەکا. لەو ڕوانگەوە، نووسیارێتی و زارەکێتی هەم جیاوازن و هەم وێک دەچن و ئەو جیاوازی و وێک چوونانە پێوەندی ئاڵۆز لە گەڵ نیزامی کۆمەڵاتی-ئابووری و دابەش بوونی نابەرابەرانەی دەسەڵات دادەمەزرێنن."[٤١]

لە هەڵسانگاندنی بایەخی زمانی زارەکیدا نووسەر لە کاتێکدا پەسنی نووسەری «فەرهەنگی زارەکی موکریان» دەدات کە خۆی لە پەتیخوازیی پاراستووە، بیانووی بۆ هەڵدەکەوێ و هەڵدەکوتێتە سەر ئەوانەی پەتیخوازیی سەرەڕۆیانە دەکەن و بەمجۆرە نەک هەر زمانی کوردی دەوڵەمەند ناکەن، بەڵکوو کز و بێ هێزی دەکەن. دەنووسێت: «پەتیگەرە سەرەڕۆیەکان زمانی کوردیان تەواو کز کردووە. ئەگەر فەرهەنگی زمانی ئینلگیسی پڕە لە وشە، کە لە سەدان زمانی دنای وەرگیراون،

---

[٣٩] بۆ نموونە، موکریانییەک کە هێشتا فێری خوێندنەوە و نووسین بە کوردی نەبووە، لە باتی «گیان» دەنووسێ «جیان» و لە باتی «گوێ» دەنووسێ «جۆ». واتە، وەها کەسێک هەر وا دەنووسێ کە گوێی لێ دەبێ، نەک بەو شێوە کە کوردی ستاندارد دەنووسرێت.

[٤٠] ئەمیر حەسەنپوور، «فەرهەنگی زارەکی لە خولی تێکنۆلۆژی زمان دا»، ٧٧-١٣. کۆکردنەوەی سەلاح پایانیانی. فەرهەنگی زارەکی موکریان، بەرگی ١. مەهاباد. چاپخانەی ڕەهرەو، ٢٠٠٦/١٣٥٨.

[٤١] حەسەنپوور، ٥٨.




جەعفەر شێخولیسلامی و ئەمیر حەسەنپوور، ئۆتاوا ٢٠١٥

ئەگــەر فەرهەنگــی فارســی پــڕە لــە وشــەی عەرەبــی و تورکــی و یۆنانــی و هینــدی و فەڕانســەیی و ئینگلیســی و ڕووســی و زۆر زمانــی تــر، زۆربــەی فەرهەنگــە کوردییــەکان وشــە خوازراوەکانــی ئەدەبیاتــی کلاســیکی کــوردی لــە بێژینگــی پەتیگــەری دەدەن.» [٤٢] نووســەر، بــۆ نموونــە بــە دەیــان وشــەی نــاو شــیعرەکانی نالــی ڕیــز دەکا کــە هیچکامیــان لــە فەرهەنگــە کوردییــە بەنــاو دەنگەکانــدا نیــن، تەنانــەت لــە نــاو «فەرهەنگــی زبانــی کــوردی» زەبیحــی و «فەرهەنگــی هەرمــان»ی نانــەوازادە. جێــگای ســەرنج ئەمەیــە کــە ئەمانــە هەردووکیــان بــە قســەی خۆیــان دژی پەتیخوازییــن. خــۆ ئــەوە نەبــێ حەســەنپوور دژی وشەداتاشــین یــان وشــەخوازی بێــت. ئــەو پێــی وابــوو کــە هەمــوو زمانێــک پێویســتی بــە وشــەی نوێیــە بــە تایبــەت لــە بــوارە زانســتییەکان دا و تەنانــەت لــە زمانــی ڕۆژانــەی میدیــای ســەردەمدا. بــەڵام، ئــەو دژی ئــەوە بــوو کــە وشــە داتاشــین بــە هەمــوو نرخێــک بکرێــت لــە کاتێکــدا کــە وشــەکە لــە زمانــی کــوردی هەبێــت، جــا بــا ســەرچاوەکەی وشــەکەش فارســی، تورکــی یــان عەرەبــی بێــت. لــە وتارێکــی دیکــەدا دەنووســێت کــە ئەوانــەی پەتیگــەری ســەرەڕۆیانە دەکــەن و تەنانــەت پیتەکانــی /ح/، /ق/، ‹ع/ و /غ/ش لــە ئەلفوبێــی کــوردی دەردەاوێــن، یــەک پێوانەیــان بــۆ کارەکەیــان هەیــە: «پێوانەکەشــیان، پێوانەیەکــی ڕەگەزییــە. مەرجــی هــەرە گرینگــی کــوردی بــوون، لای ئــەوان، عەرەب(ســامی) نەبــوون و توک(توورانــی) نەبــوون. ئــەوەش وەنەبــێ تەنیــا لــە بــاری سیاســییەوە پــڕ لــە مەترســی بــێ. زانســتی زمانناســی دەڵــێ هیــچ پێوەندییێــک لــە نێــوان ڕەگــەز و پێکهاتــەی (structure)ی زمــان (پێکهاتــەی گرامێــر، مۆرفۆلــۆژی، فۆنۆلۆفــی) بــەدی ناکرێ...لــە بــاری سیاســییەوە، هەڵســەنگاندنی زمــان و دەســت

٤٢ حەسەنپوور، ٦٧-٦٦.

© Derwaze

تێوەردانی بە پێوانەی ڕەگەزیی، شێوەیێکی خۆماڵیی کوشتنی زمانی کوردییە.»[٤٣] هەروەکوو بۆ خۆی ئاماژەی پێدەدات، لەم بارەوە، حەسەنپوور لە سەر ڕا و بۆچوونی هێمن موکریانی بوو.

## ئەنجام

شک لە ئەمەدا نییە کە د. ئەمیر حەسەنپوور یەکێک لە پێشەنگەکانی زمانناسیی کۆمەڵایەتیی کوردییە. زۆربەی، ئەگەر نەڵێین هەموو، ئەو نووسینانەی کە بۆ ئەو بوارە تەرخانی کردوون لە بواری خۆیاندا ڕچەشکێنن، هەرچەند بەداخەوە مەیدان نەبوو کە لەم وتارەدا بە سەر هەموو ئەو کارانەدا بچمەوە، وەکوو ژومارەیەکی تایبەتیی گۆڤارێکی نێونەتەوەیی کە بە بێ بەشداری حەسەنپوور لەوانەبوو قەت سەرنەگرێت.[٤٤] کە دەڵێین ڕچەشکێن بوو مەبەستم ئەمە نییە کە بڵێین بەر لە حەسەنپوور کەس لە بواری زمانناسیی کۆمەڵایەتییدا کاری نەکردووە. ڕچەشکێنی و دەوڵەمەندی نووسینەکانی حەسەنپوور دەگەڕێنەوە بۆ چەند تایبەتمەندی. لێکۆڵینەوە بۆ ئەو بە واتای چەند شتی سەرەکییە: بە پرسیاری گونجاو و گرینگ کارەکانی دەست پێدەکات؛ بەلەبەرچاوگرتنی ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی، تیۆری ڕەخنەگرانە دەکاتە لێنز وچاویلکەی خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو و بەمجۆرە گونجاوترین مێتۆدۆلۆژی و چوارچێوەی تیۆری بۆ کارەکەی خۆی هەڵدەبژێرێت. پاشان، ئەخلاقی لێکۆڵینەوە و لۆژیکی مشتومڕ ڕەچاو دەکات. لە کۆتاییدا، بە ڕێکوپێکترین شێوەی گونجاو بەرهەمەکەی پێشکەش دەکات. زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێت نووسینێکی حەسەنپوور ببینیت کە لە هیچکام لەم لایەنانەوە کورتی بێنێت. هەر شێوەی پێشکەشکاری حەسەنپوور، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە جیاوازیی فکریان لە گەڵی هەبووبێت، دەتوانێت فێرگەیەک بێت بۆ پێشکەوتنی نووسین بە کوردی ناوەڕاست. لە لایەنی ناوەرۆکەوە، بەرهەمەکانی دەتوانن بۆ داهاتوویەکی درێژ ببنە سەرچاوەی تیۆریی و ڕێنیشاندەری مێتۆدۆلۆژی و بواری لێکۆڵینەوە بۆ هەموو ئەو کەسانە کە لە خەمی زمانی کوردی دان.

## سەرچاوەکان


حەسەنپوور، ئەمیر. «بەربینگی زمانی کوردی بەربدەن!» ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما)، ٤٤٦-٤٦٢. ئامادەکردنی عەلی کەریمی. بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس، گوتنبرگ، سوێد، ١٩٩٩.

حەسەنپوور، ئەمیر. «فەرهەنگی زارەکی لە خولی تێکنۆلۆژی زمان دا»، ٧٧-١٣. کۆکردنەوەی سەلاح پایانیانی. فەرهەنگی زارەکی موکریان، بەرگی ١. مەهاباد. چاپخانەی رەهەڕەو، ٢٠٠٦/١٣٥٨.

حەسەنپوور، ئەمیر. «شۆڤینیزمی سۆرانی و ئەفسانەکانی». فەرهەنگ، ٢٠١٠: ژومارە ٢٢، ١٠-٣؛


---

[٤٣] ئەمیر حەسەنپوور، «بەربینگی زمانی کوردی بەربدەن!» ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما)، ٤٤٦-٤٦٢. ئامادەکردنی عەلی کەریمی (بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس، گوتنبرگ، سوێد، ١٩٩٩)، ٤٥٥.

[44] Jaffer Sheyholislami, Amir Hassanpour, and Tove Skutnabb-Kangas, ed. The Kurdish Linguistic Landscape: Vitality, Linguicide and Resistance. *International Journal of the Sociology of Language*, no. 217(2012).

ژمـاره ٢٤، ٨-٣. http://en.calameo.com/read/٠٠٠٠٨٤٧٩٣e٠c٥٣٨f٦d٧٦f

حەسـەنپوور، ئەمیـر. «دەنـگ و ڕەنگـی ژن لـە هونـەری زارەکـی دا». فەرهەنگـی زارەکـی موکریـان: بەشـی ژنـان، ٥٠-٧. ئامادەکردنـی سـەلاح پایانیانـی. مەهابـاد، ئێـران، ١٣٩٣/٢٠١٤.

Hassanpour, Amir. “The language factor in national development: The standardization of the Kurdish language, 1918-1985.” Doctoral Dissertation. University of Illinois at Urbana-Champaign.1989.

Hassanpour, Amir. *Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985*. San Francisco: Mellen Research University Press, 1992.

Hassanpour, Amir. “The identity of Hewrami speakers: Reflections on the theory and ideology of comparative philology.” In *Anthology of Gorani Kurdish Poetry,* 35-49. Edited by Anwar Soltani. London: Soane Trust for Kurdistan, 1998a.

Hassanpour, Amir. “Satellite Footprints as National Borders: Med-TV and the Extraterritoriality of State Sovereignty.” *Journal of Muslim Minority Affairs* 18, no. 1 (1998b): 53-72.

Hassanpour, Amir. “The Politics of A-Political linguistics”. In *Rights to Language, Equity, Power, and Education: Celebrating the 60th Birthday of Tove Skutnabb-Kangas*, 33-39. Edited by Robert Phillipson. Lawrence Erlbaum Associates, 2000.

Hassanpour, Amir. “The (re)production of patriarchy in the Kurdish language.” In *Women of a Non-State Nation: The Kurds*. Edited by Shahrzad Mojab, 227-63. Costa Mesa, CA, Mazda Publishers, 2001.

Hassanpour, Amir. “Captioning,” “Dubbing,” “Language and television,” “Subtitling,” Vol. In *Encyclopedia of Television (2nd Edition)*. Edited by Horace Newcomb. New York, NY: Fitzroy Dearborn, 2005, Vol. 1, 310-311, 532-533, vol. 2, 923-926, vol. 3, 1590-1591, 1775.

Hassanpour, Amir. “The Indivisibility of the Nation and its Linguistic Divisions.” *International Journal of the Sociology of Language*, no. 217 (2012): 49-73.

Sheyholislami, Jaffer, Hassanpour, Amir, and Skutnabb-Kangas, Tove. ed. The Kurdish Linguistic Landscape: Vitality, Linguicide and Resistance. *International Journal of the Sociology of Language*, no. 217(2012).

© Derwaze

Sheyholislami, Jaffer. "Language status and party politics in Kurdistan-Iraq: The case of Badini and Hawrami varieties." In *Zazaki—Yesterday, Today and Tomorrow: Survival and Standardization of a Threatened Language*, 55-76. Edited by Zeynep Arslan. Graz, Austria: WIEN KULTUR, 2017.

www.derwaze.net

**Ser-edîtor | Editor-in-chief**

Amir Hassanpour (†), Zanîngeha Toronto, Kanada (2015-2017)

**Edîtor | Associate Editors**

Ergin Öpengin, Zanîngeha Uppsala, Swêd
Farangis Ghaderi, Zanîngeha Exeter, Brîtanya

**Asîstana Edîtoran | Editorial Assistant**

Kübra Sağır, Zanîngeha Boğaziçi, Stenbol

**Edîtorên Zimanî û Wergêr | Language Editors and Translators**

Newzad Hirorî – Hussein Muhammed – Rabîa Axacan
Mezlûm Doxan – Handren Ahmed – Şehmuz Kurt
Ekrem Yildiz – Robîn Şahin – Erol Şaybak – Mîrza Baran

**Desteya Rawêjkarên Zanistî | Editorial Review Board**

Adnan Çelik, EHESS, Frensa
Amr Taher Ahmed, Zanîngeha Harvard, DYE
Ayhan (Geverî) Tek, Zanîngeha Muş Alpaslan
Cuma Çiçek, Lêkolerê serbixwe, Diyarbekir/Amed
Deniz Ekici, Zanîngeha Exeter, Brîtanya
Geoffrey Haig, Zanîngeha Bamberg, Elmanya
Hamit Bozarslan, EHESS, Frensa
Handan Çağlayan, Zanîngeha Bamberg, Elmanya
Hashem Ahmedzade, Zanîngeha Uppsala, Swêd
J. Andrew Bush, Zanîngeha New York li Abu Dhabi, Mîrgehên Erebî yên Yekgirtî
Jaffer Sheyholislami, Zanîngeha Carleton, Kanada
Joanna Bocheńska, Zanîngeha Yagiellonskî, Krakow, Polonya
Luqman Guldivê, Lêkolerê serbixwe, Frankfurt, Elmanya
Marlene Schäfers, Zanîngeha Ghent, Belçîka
Mesûd Serfiraz, Zanîngeha Dicle, Diyarbekir
Metin Atmaca, Zanîngeha Zanistên Civakî ya Enqere
Metin Yüksel, Zanîngeha Hacettepe, Enqere
Michael Chyet, Library of Congress, DYE
Rehber Mehmûdzade, Zanîngeha Tehran, Îran
Remezan Alan, Lêkolerê serbixwe, Mêrdîn
Ronayi Önen, Zanîngeha Bilgi, Stenbol
Salih Akin, Zanîngeha Rouen, Frensa
Servet Erdem, Zanîngeha Zanistên Civakî ya Enqere / ASBU
Yavuz Aykan, Zanîngeha Panthéon-Sorbonne, Frensa
Şerif Derince, Zanîngeha Mimar Sinan, Stenbol
Yilmaz Özdil, Zanîngeha Mardin Artuklu

**Derwaze**
Kovara Kurdî ya Zanistên Civakî û Mirovî

Salê jimareyek tê belavkirin
Jimare 2, Nîsan 2018
Jimareya taybet li ser "Mîrateya Rewşenbîrî
ya Emîr Hesenpûr (1943-2017)"

*Derwaze: Kurdish Journal of Social Sciences and Humanities*
*Issue 2, April 2018*
*Special Issue on "The Intellectual Legacy*
*of Amir Hassanpour (1943-2017)"*

**Edîtora mêvan | Guest editor***:* Shahrzad Mojab

ISSN 2564-7075

**Xwedî Îmtiyaz û Berpirsê Nivîsaran**

Ergin Öpengin
Fethullah Özmen

**Logo (îkon), berg, rûpelsazî | Logo (icon), cover design and layout**

Alan Al Yussef
graphities.com

**Logo (typeface) design**

Ece Eldek

**Têkilî / Contact**

Email: derwazekovar@gmail.com
Malper: www.derwaze.net
Facebook: @derwazekovar
*© 2016 Derwaze: Kovara kurdî ya zanistên civakî û mirovî*
Hemû mafên naveroka vê weşanê parastî ne. Tenê bi mebesta lêkolîn û perwerdeyê û di çarçoveya qaîdeyên dirasatên akademîk de parên naveroka vê weşanê dibe bêne kopîkirin û belavkirin; ji bo her karekî din divê pêşiyê destûra nivîskî ji kovarê bê standin.

Bi tenê nivîskar ji nivîsarên xwe berpirsyar in.
**Çap:** Enes Basın Yayın Matbaacılık Ltd. Şti.
Fatih San. Sitesi No 12/ 210 Zeytinbutnu / Istanbul
0-212-5010840

# DERWAZE

Kovara Kurdî ya Zanistên Civakî û Mirovî
گۆڤاری کوردی بۆ زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان
Kurdish Journal of Social Sciences and Humanities